# فەتوایەکانی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لەدوایی کۆنگرەی پێنجەمەوە

ئامادەکردنی :

مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتکی

---

هەولێر- کوردستان

چاپی یەکەم

٢٠١٣ زاینی ١٤٣٤ کۆچی ٢٧١٣ کوردی

# لەبڵاوكراوەكانی مەكتەبی تەنفیزی
# یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان
# زنجیرە ( ٣٠ )

* ناوی كتێب: فەتوایەكانی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان
لەدوایی كۆنگرەی پێنجەمەوە
* ئامادەكردنی: مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتكی
* نەخشەسازو بەرگ: كۆمپیوتەری دەریا
* نۆرەی چاپ: یەكەم ٢٠١٣
* چاپ: چاپخانەی رۆژهەلات- هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە

# پێشەکی

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بایەخێکی زۆری بە فەتواو پرسە شەرعیەکان داوە،و هەوڵی داوە کە لە زۆربەی هەرە زۆر شوێنەکان بەپێی پێویستی جوگرافی لیژنەی فەتوا دابمەزرێنیت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە شەرعیەکانو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە، هەر بۆیە ئێستا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لەڕێگای ١٦ لیژنەی فەتوا هەر لە زاخۆ تا خانەقین سەرپەرشتی کاروباری فەتوا دەکات بۆ وەڵادانەوەی راستەوخۆی پرسیارەکانی هاوڵاتیان، وێرای ئەوە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستانیش وەك مەرجەعیەتێکی فەتوا لە هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات لە فەتوا گشتکیرەکان کە پەیوەستن بە سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان ڕای پەسندی شەرعی بۆ زانایانی ئاینی ئاشکرا بکات وەك هەوڵێك بۆ دروست کردنی کۆدەنگی ڕای مەلای کورد لەسەر پێشهاتە نوێیەکان لەفیقهی ئیسلامیدا.

ئەم چەند لاپەرەی لە بەردەست دایە بریتییە لەو بڕیارو فەتوایانەی کە لەماوەی دوایی کۆنگرەی پێنجەمەوە لیژنەی باڵای فەتوا بڵاوکراونەتەوە، هەرچەندە دەقی ئەو فەتوایانە لەگۆڤاری (پەیامی

زانایـان)و ویـب سـایتی زانایـان (www.zanayan.org)و دەنگـی (زانایـان) رادیۆی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بڵاوکراونەتـەوە، بـەڵام بۆ ئەوەی سوود بە زۆرترین خوێنەر بگەینی بە پێویـستمان زانـی کـە لـە دووتوێ ناميلكەيەك بە چاپی بگەینین.

لێـرەدا بـە پێویـستی دەزانم سوپاسـێکی گـەرمی سـەرجەم ئەنـدامانی لێژنەی بـاڵا فـەتواو سـەرجەم لێژنـەی فـەتوای لقـەکانی یـەکێتی زانایـانی ئـــاینی ئیـــسلامی کوردســـتان بکـــەم کـــە بەوپـــەری بەرپرســـیاریەتیو شـەونخۆنیو بـێ مانـدوو بـوون لـە گـەرانی بـەردەوام دان لەسەرچـاوە فیقهەکان بـۆ دۆزینـەوەی ڕای شـەرعی گونجاو کـە خزمـەت بـە زۆرینـەی هاوڵاتیانی کوردستان بکاتو سوپاسی تایبەتیم بۆ مامۆستا مەلا ئەحمەدی شـــافعی ئەنـــدامی مەکتـــەبی تـــەفیزی یەکێتیەکـــەمان کـــە دووبـــارە پێداچوونەوەی بۆ ئەم فەتوایانە کردەوە.

بـەو هیوایـەین کـەوا کـارو چـالاکییەکانی یـەکێتی زانایـان بەگـشتیو لێژنـەی فـەتواش بەتایبـەتی مایـەیی رەزامەنـدی خـوای گـەورەو زانایـانی ئاینیو خەڵکی ئاینپەروەری هەرێمی کوردستان بێت.

**مەلا عبداللە مەلا سەعید گرتکی**

**سەرۆکی یەکێتی زانـایانی ئـاینی ئیسلامی کوردستـان**

# ( گرنگی فەتوا لە کۆمەڵگای موسلمانان )

گرنگی فەتوا خۆی لەوە دەبینێتەوە کە کارو پیشەی خوای گەورەیە، وەك لەئایەتی (یستفتونك قل الله یفتیكم في الكلالة)[1]،و چەندین ئایەتی تر زۆر بەروونی بەدیار دەکەوێت، وە هەروەها فەتوا یەکێکە لەو ئەرکە پیرۆزانەی کە خوای گەورە بە پێغەمبەری خۆشەویستمانی(د.خ) سپاردووە، هەروەك لە ئایەتی (وأنزلنا إليك الذكر لتبيّن للناس ما نزل اليهم)[2]، بە دی دەکرێت، هەر بۆیەش خوای پەروەردگار رێگای نەداوە کە ئێمە پرسیارەکانمان ئاراستەی هەموو جۆرە کەسێك بکەین (فاسئالوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون)[3]، بەواتایەی کە بۆتان هەیە پرسیارەکانتان تەنها ئاراستەی کەسانی زاناو شارەزاو ئاگادار بە زانستەکانی قورئانو شەریعەتی ئیسلام بکەن.

و لەبەر گرنگیو بایەخی فەتوا، خوای گەورە قەدەغەی کرد کە قسە لەشتێك بکەیت بێ ئەوەی زانیاری تەواوت لەسەری هەبێت،و بە تاوانێکی گەورەشی لەقەڵەمدا (قل إنَّما حرَّم ربي الفواحش ما ظهر منها وما بطن والإثمَّ والبغي بغير حق وأن تشركوا بالله ما لم ينزل به سلطانا وأن تقولوا على الله مالا تعلمون)[4] (ولا تقولوا لما تصف ألسنتكم الكذب هذا حلال وهذا حرام لتفتروا على الكذب إن الذين يفترون على الله الكذب لا يفلحون، متاع قليل و لهم عذاب أليم)[5]، وە پێغەمبەری خوا (د.خ) فەتوا دانی بەبێ زانیاری تەواو بە

---

1- سورة النساء/ ١٧٦.

2- سورة النحل/ ٤٤.

3- سورة النحل/ ٤٣.

4- سورة الأعراف/ ٣٣.

5- سورة النحل/ ١١٦-١١٧.

تاوان ئەژمار کردووەو فەرموویەتی (من أفتى بغير علم كان إثمه على من أفتاه)[١]،و پەلە کردنیش لەفەتوا دان ئەویش هەر بە تاوان ئەژمار کردووە،و فەرموویەتی (أجرؤكم على الفتيا أجرؤكم على النار)[٢].

هەر بۆیە لەسەرەتای ئیسلامەوە، خەڵك بەتێکرایی بۆ روون کردنەوەی هەر شتێکەوە پرسیاریان ئاراستەی پێغەمبەری خوا (د.خ) دەکرد،و پێغەمبەر خواش بۆ وەڵامی هەر پرسیارێك چاوەڕوانی وەڵامی خوای پەروەردگار بوو،و بەپێی ئەو وەڵامەی کە لەلایەن خواوەندەوە بۆی دەهات، وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە (وأنزلنا إليك الذكر لتبيّن للناس ما نزل اليهم)[٣]، بۆیە وەڵامەکانی پێغەمبەری خوا جێگای متمانەی خەڵك بوون،و بەدەقی ئایەتی قورئان فەرمان بە موسڵمانان کرا کە لەو کاتەی کێشەیان دروست بوو لەسەر حەلالی‌و حەرامی هەر شتێك بگەڕێنەوە لای قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (د.خ)، (وإن تنازعتم في شيء فردوه الى الله والرسول إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر ذلك خيرٌ وأحسن تأويلا)[٤].

دوایی کۆچ کردنی پێغەمبەری خوا(د.خ)، قۆناغەکە پێویستی دەکرد کەوا کەسانێك هەبن وەڵامی پێشهات‌و پرسیاری موسڵمانان بدەنەوە، هەرچەندە (قورئان‌و سوننە) هەبوون بەڵام هەموو خەڵك بەتەواوی لە ناوەرۆك‌و ئامانجەکانیان بە تەواوی حالی نە ئەبوون،و پێویستی دەکرد کە زۆر بەوردی شارەزای لەسەری پەیدا بکەن، بۆیە خەڵکێك

---

1– رواه الحاكم، رقم الحديث ٣٥٠، ينظر: المستدرك على الصحيحين: محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية– بيروت، الطبعة الأولى، ١٤١١–١٩٩٠، ١/١٨٤.

2– رواه الدارمي، ينظر: كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، علاءالدين علي بن حسام الدين ابن قاضي خان، تحقيق: بكري حياني– صفوة السقا، مؤسسة الرسالة، الطبعة الخامسة، ١٤٠١هـ/١٩٨١م، كتاب العلم من قسم الأقوال، الباب الثاني: في آفات العلم ووعيد من لم يعمل بعلمه، رقم الحديث: (٢٨٩٥٦)، ١٠/١٨٤.

3– سورة النحل/ ٤٤.

4– سورة النساء/ ٥٩.

خۆی تەرخان كرد بۆ زیاتر شارەزا بوونو پەیدا كردنی زانیاری تەواو لەسەر ئەحكامو دەقەكانی قورئانو سوننە (فلولا نفر من كل فرقة طائفة ليتفقهوا في الدين ولينذروا قومهم إذا رجعوا اليهم لعلم يحذرون)[1]، بۆ ئەوەی كۆمەڵگای موسڵمانان دووچاری هەڵەو خراپ تێگەیشتن لە دین نەبێت.

هەر بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(د.خ) زۆر خۆیان دەپاراست لە فەتوا دان،و پەلەیان نەئەكرد،و زۆر بەوردی بەدوایی وەڵامی راست دەگەران بۆ ئەوەی دووچاری هەڵەو گوناه نەبن، هەر بۆیەش ئیبنو ئەبی لیلی دەفەرمووێت: بە خزمەت زیاتر لە سەدو بیست هاوەلی ئەنصاری گەیشتم كە پرسیاریان لێ دەكرا هەر یەكەو پرسیارەكەی ئاراستەی ئەوەی تر دەكردو خۆیان دەپاراست لەوەڵامدانەوەكەی، هەر بۆیە ژمارەیەك لە صەحابە لەبەر لێهاتوویان پسپۆریەتی فەتوایان وەرگرت، وەك ئیمامی عەلی،و عائشەی دایكی ئیمانداران،و عەبدوڵلای كوڕی مەسعود،و عەبدوللای كوڕی عومەر،و زەیدی كوڕی سابت،و چەندین هاوەڵی تر، بۆیە دەتوانین بڵێین كە لەسەردەمی هاوەڵەكانی پێغەمبەری خوا(د.خ) سەرچاوەكانی فەتوا خۆی گرتبوو لە (قورئانو سوننەی صەحیحو ئیجماعو قیاس)، وە ناكرێت ئاماژە بە چاودێری بەرژەوەندی (المصلحة) نەدەین كە بەرژەوەندیش وەك سەرچاوەیەكی فەتوا لەسەردەمی هاوەڵەكان سەیر دەكرا، وەك كۆكردنەوەو نووسینی قورئانی پیرۆز لەسەردەمی ئیمامی ئەبوبەكر (خوای لێ رازی بێت)،و راگرتنی بەشە زەكاتی (المؤلفة قلوبهم) لەسەردەمی ئیمامی عومەر (خوای لێ رازی بێت) لەسەر بنەمای ڕەچاو كردنی بەرژەوەندی گشتی بوون كە سەرجەم هاوەڵانیش لەسەری رازی بوون.

و دواتریش لەسەردەمی (تابعين ) وێرای ئەوەی كەسانی تایبەت بەفەتوا هەڵكەوتنو پسپۆری فەتوایان وەرگرت، وەك سەعیدی كوری موسەیب،و قازی شورەیح،و عروەی كوری زوبیر،و عەبدوڵلای كوڕی عوتبەی چەندانی تر كە لەسەردەمی تابعین پسپۆری

---

1- سورة التوبة/ ١٢٢.

تەواويان هەبوو لە فەتواداني خەڵك بۆ وەرگرتنى ڕاى شەرعى فەتوايان لێ وەردەگرتن،و لەم نيوەندەشدا دوو قوتابخانە هاتنە كايەوە كە بە قوتابخانەى فەرموودە (مدرسة الحديث)[1] كە لەشارى مەدينەى پيرۆز سەرى هەڵداوو لەلايەن سەعيدى كوڕى موسەيب سەرپەرشتى دەكرا،و قوتابخانەى را (مدرسة الرأي)[2]كە لەشارى كوفە سەرى هەڵداو لەلايەن ئيبراهيمى نەخەعى سەرپەرشتى دەكرا، بۆيە دەكرێت بڵێين كەوا لەسەردەمى تابعين سەرچاوەكانى فەتوادان فراوان بوون كە وێراى قورئانو سوننەو ئيجماعو قياسو بەرژوەندى، قسەو كردارەكانى هاوەڵانو كۆدەنگيان وەك سەرچاوەيەكى ترى فەتوا ئەژمار دەكرا.

لەدواى سەردەمى (تابعين )يش، خەڵكێكى زاناو دانا هەڵكەوت كە بە پێشەوايانو موجتەهيدانى فيقهى ئيسلامى ناوەزد دەكرێنو خزمەتێكى بەرچاويان پێشكەش كرد بەشەريعەتى پيرۆزى ئيسلام، كە دواتر هەر يەكەيان مەزهەبێكو قوتابخانەيەكى سەربەخۆى فيقهى راگەياند، لەوانە (ئيمامى حەنەفىو ماليكو شافيعىو أحمدى كوڕى حەنبل– خوايان لێ رازى بێت)،و هەريەكێكيشيان چەندين قوتابى زاناو داناى پێگەياند كە توانيان درێژە پێدەرى رێرەويان بنو بيرو بۆچوونەكانيان زياتر بە خەڵك ئاشنا بكەن، كە هەر يەك لە قازى ئەبو يوسفو محمدى كوڕى حەسەنى شەيبانىو زوفەرى كوڕى هوزەيل وەك قوتابى ئيمامى حەنەفى،و عەبدوڵڵاى كوڕى وەهەبو عەبدولڕەحمانى كوڕى قاسمى عەتقىو ئەشهەبى كوڕى عەبدولعەزيز وەك قوتابى ئيمامى ماليكى كوڕى ئەنەس،و يوسفى كوڕى يەحياى بويتىو ئيبراهيم كوڕى يەحياى موزنىو نەوەوىو سوبكى لە مەزهەبى ئيمامى شافيعى،و صالح عبدوڵڵاى كوڕانى ئيمامى

---

1– ئەم قوتابخانەيە بە (مدرسةى حيجاز)يش ناسراوەو، شوێنكەوتووانى ئەم قوتابخانەيە زياتر لە فەتواكانيان پابەندى فەرموودەكانى پێغەمبەر(د.خ) دەبوونو، زۆر بەكەمى دەگەرانەوە بۆ ئيجتهادو قياسو سەرچاوەكانى تر.

2– شوێنكەوتووانى ئەم قوتابخانەيە زياتر لە فەتواكانيان ئەگەر دەقى قۆرئانو سوننە نەبا، ئەوا هەوڵيان دەدا كە بگەڕێنەوە بۆ ئيجتهادو ڕەچاو كردنى بەرژەوەندى گشتىو سەرچاوەكانى تر.

ئەحمەدو ئەسرەمو ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی حەجاج ئەبوبەکری مەروزیو ئیبنو قودامەی مەقدسی لە مەزهەبی ئیمامی حەنبەلی سەریان هەڵدا. کە هەر یەك لەمانەی باسمان کردن خزمەتێکی زۆر روونو ئاشکرایان بە فیقهی ئیسلامی کردو بەدوای بەڵگەی شەرعی بۆ بۆچوونی مامۆستاکانیان دەگەڕان،و چەندین رێساو بناغەیان بۆ فیقهی ئیسلامی دانا لەچوارچێوەی زانستی ئوصولی فیقهدا.

و گرنگترین هۆکاری ناکۆکی لەنێوان ئەم مەزهەبانە بریتییە: لەجیاوازی جۆری تێگەیشتنیان لەمانای وشەکانی زمانی عەرەبی،و جیاوازی لەگێڕانەوەی فەرموودەکانو پلەو پاییەی فەرموودەکە،و جیاوازی سەرچاوە ئوصولیەکە،و جیاوازی لە ئیجتهادو تێگەیشتن لەدەقی سەرچاوەکانی شەریعەت.

بەو پێیەیی کە فەتوا یەکێکە لەو ئەرکە پیرۆزو گەورانەی کەوتووتە سەر شانی زانایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، هەر لەکۆنەوە لەجیهانی ئیسلامیدا کورد پشکی گەورەی هەبووە لەم بوارەدا، لە کوردستان زانای ئاینی ئەگەر لەگوندێکی بچوکیشبێت رۆڵی موفتی بینیوەو ئەرکی فەتوادانی پێ سپێراوە، خەڵکی کوردستانیش نەك تەنها بۆ پرسە شەرعیەکان بەڵکو بۆ کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانیش بۆ لای مەلای گوندو مامۆستای ئاینی گەڕاوەتەوە،و موسڵمانانی کوردستانیش بەزۆریی لەقسەی مامۆستایانی ئاینی دەرنەچووینەو پابەند رێنماییو ئامۆژگاریەکانیان بوونە، هەتا میرنشینەکانی کوردیش لە زۆر رووەوە هەوڵیانداوە کە بۆ پرسە ئاینیو کۆمەڵایەتیەکان بۆ مەلای کورد بگەڕێنەوەو وەك مەرجەعێکیش سەیریان کراوە، تا چەند سەد ساڵ لەمەوبەر کە پلەی (موفتی) لە کوردستان سەری هەڵداوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لەبەر لێهاتوویيو شارەزاییان پلەی (موفتی) بە مەلای کورد سپێردراوە،و پێویست بەوە نەبووە کە لەشوێنەکانی دیکەوە (موفتی) بۆ کوردستان بنێرێت.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم چەند نموونەیەك لەو زانا کوردە بلیمەتانە بخەمە بەر دەستی خوێنەر کە ئەرکی (موفتی)یان لەجیهانی ئیسلامی پێ سپێراوە:

١- ئەگەر کەمێك بەمێژوو دابرۆین دەبینیین کەوا مەلا حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی قاسمی شارەزووری لەبەر لێهاتوویی‌و پڕ زانستی کراوە بە قازیی هەرێمی دار الخلافة لەسەردەمی (المستنجد باللە)ی عەباسی،و هەروەها موحەمەدی کوڕی قاسمی شارەزووری قازی جەزیرەو شام بوو،و عەلی کوری قاسمی شارەزوریش قازی ویلایەتی موسڵ‌و واست بوو.

٢- مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ئیسماعیلی گۆرانی، ئەم بەڕێزە لە سەردەمی سولتان موڕادی دووەم رێزو پلەو پایەکی زۆری هەبووە،و لەنێوان قاهیرەو ئەستەمبول ئەرکی فەتوا دانی پی سپێراوە،و لەئەنجامدا پۆستی شیخولئیسلامی پێدراوە،و تا کۆچی دوایی کردنی لەم پلەو پایە ماوەتەوە.

٣- مەلا ئیسماعیلی ئامودی‌و مەلا موحەممەدی وانقۆلی مەلا جەعفەری بەرزنجی‌و شێخ ئیبراهیمی شارانی گۆرانی‌و شێخ سولەیمانی گەردی مەدەنی‌و چەندانی تر ئەرکی فەتواو تەدریسیان لەنێوان مەککەو مەدینە پێسپێردراوە.

٤- لەبەغدای پایتەختی عیراق زیاتر لەچوار سەد ساڵ فەتوا لەدەستی مەلای کورد بوو،و موفتیە گەورەکانی کورد لە بەغداوە بریتی بوون لە زەهاوییەکان‌و حەیدەریەکان‌و سنەییەکان‌و زەندییەکان بەندەنیجیەکان،و دواهەمینیان مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بوو.

ئەمانە چەند نموونەیەکی زیندوویی جیهانی فەتوادان بوون لە کوردستان، خۆ ئەگەر بمانەوێت بەوردی باسی هەموو زاناو موفتیەکانی کوردستان بکەین لەسەرجەم قۆناغەکان ئەوا باسێکی دوورو درێژە کە کات دەرفەت نادات لێرەدا هەڵوەستە لەسەر هەموویان بکەین.

# ( لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان )

لەگەڵ سەر هەڵدانی شۆرشی ئەیلول لە ١٩٦١/٩/١١و رزگار کردنی چەند ناوچەیەك لەخاکی کوردستانو ئیدارە دانیان لەلایەن سەرکردایەتی شۆرشو، لەگەڵ نەبوونی دامودەزگا کارگێریەکان، سەرکردایەتی سیاسی کوردستانو بەتایبەتیش مەرحومی مەلا مستەفای بارزانی بە پێویستی زانی کەوا لە هەر ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان چەند زانایەکی ئاینی دەست نیشان بکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە کۆمەلایەتیەکانو، ناونران بە (قازی شۆرش)و، ئەم بەرێزانەش کە ئەم ئەرکەیان پێسپێردرا زۆر بە لێهاتوویی‌و دڵسۆزیەوە بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵسانو، بەشەو بەرۆژ لەچارەسەر کردنی کێشەو گرفتی هاولاتیان دابوون، و ئەم بەرێزانە جێگای متمانەی سەرجەم هاوڵاتیانی ناوچە ئازاد کراوەکان بوونو، جێ پەنجەیان دیار بوو،و بوونە هۆکارێك بۆ دابین کردنی سەقامگیری بۆ ناوچە ئازادکراوەکانو بنبڕ کردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کە رووبەڕوویان دەبوونەوەو، بڕیارەکانیان جێگای متمانە بوونو، دامودەزگاکانی شۆڕش بەوپەری رێزەوە رەفتاریان لەگەڵ بڕیارو راسپاردەکانی ئەم (قازی)یانە دەکردو بڕیارەکانیان بەبێ دوو دڵی جێ بەجێ دەکران.

لەگەڵ دروست بوونی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە ١٩٧٠/٩/٢١ بەپێویست زانرا کەوا کاری ئەم بەرێزانەی کە بەم ئەرکە پیرۆزە هەڵدەستن لەنیو ئەم رێکخراوە رێك بخرێن لەژێر ناوی (لێژنەی باڵای فەتوا)و، لەماددەی یازدەهەمینی پەیرەو پرۆگرامی یەکێتی زانایاندا هاتووە: (یەکێتی زانایان چەند لێژنەیەکی فەتوا لە گەورە زانایانی ئاینی کوردستان پێکدەهێنی بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری فەتوا لە کوردستان لەژێر سەرپەرشتی لێژنەیەکی باڵا).

هەر لەکۆنگرەی دامەزراندنەوە تائێستا ئەم لێژنەیە بەوپەری رێك و پێکیەوە بە ئەرك‌و کارەکانی خۆی هەڵدەستێ‌و وەك مەرجەعیەتێکی شەرعی‌و زانستی کاروباری فەتوا لە کوردستان رادەپەرێنی‌و سەرپەرشتی کاروباری لێژنە فەرعیەکانیش دەکات.

وە ئەم لێژنەیەش کۆمەڵێك بڕیاری زۆر گرنکی داوە، کە پێویست بوو لەڕووی ئاینی‌و نەتەوەییەوە مەلای کوردو قسەو بڕیاری خۆی تێدا هەبێت، وەك چارەسەرکردنی کێشەی خێزانە پاشماوەکانی ئەنفال[١]و، حوکمی تەلاقدان لەڕێگای ئەنتەرنێت[٢]و، بێ هۆش (تخدیر) کردنی ئاژەل پێش سەربرین[٣]و، بازرگانی لەڕێگای ئەنتەرنێت[٤]و، گواستنەوەی روفاتی ئەنفالەکان[٥]و، چەندین فەتوای تر، کە سەرجەم فەتوایەکان

---

1- لەبەرواری ١٩٩٩/٤/١٩ لێژنەی باڵای فەتوا فەتاوی داوە کە:

یەکەم: ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان ئەنفال کراوە بۆیان هەیە مێرد بکەنەوە، دوایی تێپەر بوونی چوار ساڵ بەسەر بێ سەر شوێنی بوونی مێردەکەی‌و، دوایی دەرچوونی بڕیاری قازی لەسەر جیابوونەوەیان، ژنەکە (عیدە)ی وەفات دەبینی‌و، ئەوکات ئازادەو دەتوانی مێرد بکاتەوە.

دووەم: هەر کاتێك مێردەکە گەڕایەوە، وەیا روون بووەوە کە نەمردووە، ئەوا لەو کاتەدا مێردەکەی شایەنترە بە ژنەکە.

2- لێژنەی باڵای فەتوا، فەتوای داوە بەکەوتنی تەلاق لەڕێگای موبایل وەیا ئەنتەرنێت، ئەگەر متمانە هەبوو کە ئەوەی قسەکەرەکە خودی مێردی ژنەکەیە.

3- لێژنەی باڵای فەتوا لە ٢٠٠٣/٩/٣ فەتوای داوە بە دروستی گێژ کردنی ئاژەل پێش سەربرین بەمەرجێك ئازار نەدانی ئاژەلەکە بە کارەبا وەیا بە هەر ئامرازێکی ترو، ئەم گێژ کردنە نەبێتە هۆکاری گیان لەدەستدانی ئاژەلەکەو، دوایی گێژ کردنی ئاژەلەکە بتوانرێت بە چەقو بگوژرێتەوەو سەری ببرێت.

4- لێژنەی فەتوا بڕیاری داوە بە حەرام کردن‌و قەدەغە کردنی بازرگانی لەڕێگای ئەنتەرنێت، کە بە بازگانیەکانی (بزنس)و (جولد گویست) ناسراون.

5- لە بەرواری ٢٠٠٣/٦/١ لێژنەی باڵای فەتوا، فەتوای داوە بە دروستی گواستنەوەی ئێسك‌و پروسکی روفاتی ئەنفالەکان کە لە کۆرە بە کۆمەڵەکان دەدۆزرێنەوە لەشوێنێك بۆ شوێنێکی ترو، ناشتنیان بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام.

لەسەر بنچینەو بەڵگەی فیقهیو بەسوود وەرگرتن لە ڕاو بۆچوونی زانایانی فیقهی ئیسلامیو ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی.

لەگەڵ دەست بەکار بوونی ستافی هەڵبژێردراوی گۆنگرەی پێنجەم لە ٢٠١٠/٥/٨و، لەیەکەم کۆبوونەوەی مەکتەبی تەنفیزی بڕیار درا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی لێژنەی بالآی فەتوای هەرێمی کوردستانو، دوای راوێژو بیرورا گۆرینەوە لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو ئەنجومەنی ناوەندو لقەکانی یەکێتی زانایان، توانرا لێژنەی بالآی فەتوای هەرێمی کوردستان لە ١٥ مامۆستای ئاینی خاوەن ئەزموونو ناسراوی سەرتاسەری کوردستان رێك بخرێتەوەو، هەروەها لێژنەی فەتوا لەسەرجەم لقەکانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دووبارە دەست نیشان کرایەوەو، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لێژنەی بالآی فەتوای هەرێمی کوردستان بە هەردوو بەڕێزان مامۆستا مەلا محمدی وەرتیو دکتۆر ئەحمەدی شافیعی ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی سپێردرا.

وە بەرێزان ئەندامانی لێژنەی بالآی فەتوا لەدوایی دەست بەکار بوونەوەیان لەکۆنگرەی پێنجەمەوەو، ێرای سەرپەرشتی کردنیان بۆ کاروباری لێژنە فەتوای لقەکانی یەکێتی زانایانو رێنمایی کردنیان، بەوپەری دڵسۆزیو لێهاتوویەوە لەخزمەت هاولآتیانی کوردستان دابوونەوەو بەدوا داچوونیان بۆ کێشەو گرفتەکانیان کردوون.

وە ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی ئەم لێژنەیە دەبنەوە، یا کێشەو گرفتی رۆژانەی هاولآتیانن، وەیا ئەو کێشەو گرفتە شەرعیانەن کە لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەیا لە سەنتەرو رێکخراوەکان ئاراستەی لێژنەکە دەکرێن، وە یا ئەو کێشانەن کە لەلایەن لێژنە فەتوای لقەکانی یەکێتی زانایان لەسەرتاسەری کوردستان بەکۆتا ناهێنرێنو، بۆ بڕیاری کۆتایی ئاراستەی لێژنەی بالآی فەتوا دەکرێنو، بەڕێزان ئەندامانی لێژنەی بالآی فەتواش هەوڵدەدەن بە دواداچوون بۆ کێشەکان بکەنو بەدوایی

بەڵگە شەرعیەکان دەگەڕێن‌و هەوڵ ئەدەن فەتوای شەرعی لەبارەیەوە دەدەن، وەیا هەوڵ دەدەن بەشێوەی موسالەحەو بەڕەزامەندی هەردوولا کۆتایی بەکێشەکەیان دەهێنن‌و ئاشتەواییان لەنێوانیان ئەنجام ئەدەن[1].

بەهۆی ئەوەی کەوا لە کوردستان لەڕووی فیقهیەوە پەیرەوی مەزهەبی ئیمامی شافیعی دەکرێت‌و، وێرای ئەوەی کە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی باڵای فەتواش شارەزایان هەیە لە مەزهەبە فیقهیەکانی تر، بەلام پسپۆری تەواویان لە مەزهەبی ئیمامی شافیعیەوە هەیە، بۆیە زۆرینەی هەر زۆری فەتواکان تا بکرێت لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی دەردەچن، بەلام لە زۆر مەسەلەی شەرعیشەوە سوودیان لە راو و بۆچوونی مەزهەبەکانی تری وەك (حەنەفی، مالکی، حەنبەلی)[2] وەردەگرن‌و لەسەر ئەو مەزهەبانەش فەتوا دەدەن.

بۆیە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی باڵای فەتوا لە هەر مەسەلەییەکی شەرعی زۆر بەهێمنی‌و بێ ئەوەی پەلە بکەن، بەدوای رای شەرعیەکان دەگرێن لەکۆمەڵێك

---

1- زۆر جار لەکێشەی (موڵکداری) وە یا (خێزانداری) لیژنەی باڵای فەتوا هەوڵ دەدات کەوا کێشەکان لەڕێگای سولح‌و ئاشتەواوی چارەسەر ببن‌و بەرەزامەندی هەردوولا، بەتایبەتی لەکێشەی نێوان (ژن‌و مێرد) تا ناچار نەبووبن پەنا نەبردراوەتەوە بەر تەلاق‌و لێکتر جیابوونەوەو، کێشەی واش هەبووە چەندین جار دواخراوە بەمەبەستی ئاشت بوونەوەیان، بەلام لەکاتێکدا کە هیچ رێگا چارە نەما، ئەو کات پەنا دەبردرێتە بەر تەلاق‌و لێك جیابوونەوەو، زۆرینەی تەلاقەکانیش بە یەك تەلاق (رەجعی) تەلاق دەدرێن، وەیا بەشێوەی خولعو، سەرجەم مافەکانی ئافرەتەکەو منداڵەکان ئەگەر هەبن لەمارەیی‌و نەفەقەو حەزانە رەچاو دەکرێن.

2- لە زۆر مەسەلەی شەرعی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان فەتوای لەسەر راو بۆچوونی مەزهەبەکانی تر داوە، بۆ نموونە: فەتوایان لەبەرواری ٢٠٠٥/١٢/١٦ لەسەر مەسەلەی کە باوك دەتوانی لەبری کوڕی بالغ نەبوو ژن تەلاق بدات، وە یا خود خولعی بۆ بکات، ئەم فەتوایە ڕای مەزهەبی مالیکییە.

سەرچاوەی شەرعی بەسوود وەرگرتن لە پەرتوکخانەی یەکێتی زانایانی ئاینی وەیا پەرتوکخانەی تایبەتی خۆیانو، دواتر لەنیو تێکرای ئەندامانەوە بیرورِا ئاڵوگۆر دەکرێت لەسەر خودی کێشەکەو گفتوگۆ دەکەنو، ئەوکات برِیاری شەرعی بەرِەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی لیژنەکە برِیارەکە دەردەچێت.

لێرەدا زۆر بەپێویستی دەزانم کەوا ئاماژە بەوەش بکەم کە زۆر جار لیژنەی باڵای فەتوا راوێژ بەکەسانی پسپۆر دەکات لەو پێشهاتانەی سەردەمیو شتە نوێیەکان، چ لەبواری ئابوری وەیا تەندروستی وەیا کۆمەڵایەتی.

لێژنەی باڵای فەتوا لەرِێگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانەوە پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافو ئەنجومەنی باڵای ئەوقافو لێژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینی لەپەرلەمانی کوردستانو دادوەرە بەرِێزەکانو مەکتەبو سەنتەرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە بۆ چارەسەر کردنو بنبرِ کردنی سەرجەم کێشەو گرفتەکان.

## (١)

# حوکمی بەشداریکردن لە یاری (لۆتۆ)؟

بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەك بوو لەبازاڕەکانی کوردستان جۆرە یاریەك پەیدابوو کە بە یاری (لۆتو) ناسراو بوو،و ژمارەیەکی زۆریش لەهاوڵاتیان پرسیارییان دەربارەی حوکمی بەشداریکردنی ئەم یاریە دەکرد؟ بەمەبەستی زانینی ڕای شەرعی لەسەر ئەم جۆرە یارییە، کە ئایا دروستە یان نا؟ لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان دوای ئاڵو گۆر کردنی ڕای شەرعی لەنێوان ئەندامانیو گەڕانەوە بۆ بەڵگەو سەرچاوە شەرعیەکان، لەڕۆژی ٢٠١١/٥/١٨ ئەم حوکمە شەرعییەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

ئەم یارییەی کە بەیاری (لۆتۆ) ناسراوە، مێژوویێکی کۆنی هەیەو، بەپێی گۆڕانی ڕۆژگاریش گۆڕانکاری بەسەردا هێندراوە، پاش بەدواداچوونی بابەتەکە، بۆمان دەرکەوت، کە یاری (لۆتۆ) بەشێکە لە (یانصیب)و بەخت، یانەسیبیش بەشێکە لە قومار.

بێگومان قوماریش بەدەقی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) حەرامو قەدەغە کراوەو، بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی پێنەدراوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنْصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)[1].

خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا فەرمان بە بڕواداران دەکات خۆیان لە ئارەقو قومار دووربخەنەوەو خۆیانی لێ بپارێزن.

---

1- سورة المائدة/٩٠.

هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویەتی: (مَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ تَعَالَ أُقَامِرْكَ فَلْيَتَصَدَّقْ)[1].

واتە: هەر کەسێك بەهاوەڵەکەی بڵێت: وەرە با پێکەوە قومار بکەین، با خێرێك بکات، بەس بەگوتنی ئەم وشەیە گوناهێکی ئەنجام داوەو، بە ئەنجامدانی چاکەیەك لەتاوانەکەی قوتار دەبێت. کەواتە ئەوەی بەکردەیی ئەنجامی بدات ئەوە گوناهی گەورەترە.

زانایانی ئیسلام بە یەك دەنگ فەرموویانە: بەشداریکردن لەیارییەکانی (یانصیب) بە هەموو جۆرو شێوازو رەنگو ناوە جیاجیاکانییەوە حەرامەو، دروست نییەو دەچێتە ریزی تاوانە گەورەکان.

هەربۆیە فرۆشتنو مامەڵەی یاری (لۆتۆی نیشتیمانی) کە ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان هەندێك کەس ئەنجامی دەدەنو کاری پێدەکەن، دەچێتە چوارچێوەی (یانصیب)، بێگومان حەرامەو کڕینو فرۆشتنی بە هیچ شێوەیەك دروست نییە، هەر پارەو پولو شمەکێك لەو رێگەوە دەست بکەوێت حەرامە چ بۆ تاك بێت یان هەر دەزگایەکی تر.

پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویەتی: (لا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ لَحْمٌ نَبَتَ مِنْ سُحْتٍ)[2]، واتە: ناچێتە بەهەشتەوە گۆشتێك گەشەی کردبێت بە حەرام.

بۆیە لەلیژنەی باڵای فەتوای کوردستان داوا لە هەموو ئەو هاوڵاتییە بەڕێزانە دەکەین، کە دەستیان لەو جۆرە یاریو مامەڵەیە هەبووە، یان ئێستا هەیانە، خۆیانی لێ دووربخەنەوە بەهەموو شێوەیەك، چونکی هیچ پاساوێك نییە بۆ دروستی ئەم یارییە.

---

1- رواه البخاري، ينظر: الأدب المفرد: محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة البخاري، أبو عبدالله (المتوفى: ٢٥٦هـ)، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار البشائر الإسلامية- بيروت، الطبعة الثالثة، ١٤٠٩هـ-١٩٨٩م،، بَابُ مَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ: تَعَالَ أُقَامِرْكَ، رقم الحديث: (١٢٦٢)، ص٤٣١.

2- رواه الحاكم. ينظر: المستدرك على الصحيحين٤/١٤١، رقم الحديث: (٧١٦٣).

ئەوەی کە دەگوترێت: بەوەی بەشێك لەداهاتی ئەم ئیشە بۆ میرییەو، بەشێکی تری بۆ دەزگای شەهیدان‌و بێ سەرپەرشتان‌و نەخۆشە درێژخایەنەکان‌و بەرژەوەندی گشتییە، ئەمانە هیچیان بەهانەیەکی شەرعی‌و دروست نینە، چونکە شەریعەتی پاکی ئیسلام قبوڵی نییە بۆ گەییشتن بە ئامانجە پیرۆزەکان پەنا ببرێت بۆ ئامرازە خراپ‌و ناتەندروستەکان، لەئیسلامدا دەبێت ئامانج‌و وەسائیل هەردووکیان دروست‌و پەسەندو تەندروست بن.

پێغەمبەری خۆشەویست فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لاَ يَقْبَلُ إِلاَّ طَيِّبًا)[1]، ئەوەی خاوێن‌و بێ خەوش نەبێت لەلای خوای گەورە وەرناگیرێت.

لەفەرموودەیەکی تردا، کە ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە، فەرموویەتی: (لا صدقة من غلول)[2]، خێرو چاکە لە شتی حەرام‌و گوناه، گزیکاریدا نییە، بۆیە خێرو چاکە بەماڵی حەرام ناکرێت‌و وەرگیراو نییە.

ئەم جۆرە یارییانە زیانی نیگەتیڤی هەیە لەسەر تاك‌و خێزان‌و کۆمەڵگە، مرۆڤیش کە فێری بوو زەحمەت وازی لێدەهێنێت، هەروەها بەهەدەر دانی ماڵ‌و سامان‌و کاتی تێدایە، پەککستنی ژێرخانی ئابووری نیشتیمانییە، چینێکی تەمبەڵ‌و کارنەکەر دروست دەکات، هەندێك قازانج دەکەن لەسەر پارەو پولی هەندێکی دیکە.

---

1- رواه مسلم/ ينظر: صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي– بيروت، كتاب الزّكاة، باب قبول الصدقة من الكسب الطيب وتربيتها، رقم الحديث: (١٠١٥)، ٢/٧٠٣.

2- رواه الترمذي، ينظر: الجامع الصحيح سنن الترمذي: محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، دار إحياء التراث العربي– بيروت، كتاب أبواب الطهارة، باب ما جاء لا تقبل صلاة بغير طهور، رقم الحديث: (١)، ١/٥.

هـەروەها دەبێتـە رێگـر لەبـەردەم پیـشەسازیو بازرگـانی سروشـتی، گەشـەکردنی ئـابووری نیـشتیمانیو خۆمـاڵی، مـرۆڤ تووشـی دڵـەڕاوکێو بـاری نادروسـتی دەروونـی دەکاتەوە.

خوای گەورە دەفەرموویت: (وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ)[1]، مـاڵی یـەکتری بـە حەلاشو بەلاشو باتڵ مەخۆن.

سەرچاوەکانی ئەم فەتوایە:

١- الأمّ للإمام الشّافعي (٢٤٣/٤).

٢- المغني والشّرح الكبير (١٣١/١١).

٣- بدائع الصّنائع للكاساني (١٠٦/١٤).

٤- شرح مختصر خليل (١٩١/١٠).

٥- حاشية الباجوري (٥٢١/٢).

٦- فتاوى الأزهر الشّريف (٢٥٩/٧).

---

1- سورة البقرة/ ١٨٨.

## ( ٢ )

# حوکمی شەرعی گۆڕینی نەتەوە

بەهۆی ئەوەی کە ماوەیەك بوو لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن وا بڵاودەکرایەوە کە حکومەتی عێراق بەمەبەستی گۆڕینی بیلۆگرافیای ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەهەوڵی ئەوە دایە کە هانی هاوڵاتیان بدات بۆ گۆڕینی نەتەوەکانیان، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بەپێویستی زانی کە ڕای شەرعی تایبەت بەم بابەتە بخاتەبەر دەستی هاوڵاتیانی کوردستان، ئەوە بوو دوای ئاڵوگۆر کردنی ڕای شەرعی لەنێوان ئەندامانیو گەڕانەوە بۆ بەڵگەو سەرچاوە شەرعیەکان، لەرۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٦ لیژنەی باڵای فەتوا ئەم حوکمە شەرعییەی خوارەوەی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان بەگشتیو بۆ ناوچەکانی کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند:

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾**[(١)]

بەداخەوە ماوەیەکە هەست دەکرێت کە هەندێ لەناحەزانی کورد هەوڵدەدەن جارێکی تر پیلانی شۆفێنیانەی خۆیان جێبەجێ بکەنو نکۆلی لەکورد بوونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان بکەن، بەتایبەتی کوردانی شەبەكو ئێزیدی، بۆ ئەوەی پێگەی کورد لە ئیراقداو لەکاتی سەرژمێری گشتی کەم بکرێتەوە، هەر بۆیە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بەپێویستی زانی کەوا ڕای شەرعی خۆی لەم بابەتە رابگەینێت.

خوای گەورە مرۆڤایەتی دابەش کردوە بەسەر گەلو نەتەوەکاندا نەك بەپێی ویستی تاکەکان، بە بەڵگەی قورئانی (وجعلناكم شعوباً وقبائل)[(١)]، هەر خوای گەورە خۆیشی

---

1- سورة المائدة/ ٨.

حیكمەتەكە دەزانیو، هەرتاكێكی كۆمەڵگای كردۆتە ئەندام لەنەتەوەیەكدا بەویستی خۆیو، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە هیچ شێوەیەك ڕێگای نەداوە كە مرۆڤ حاشاییو نكۆلی لە گەلو نەتەوەكەی بكاتو، دەفەرموویێت: (إنَّ من أعظم الفرى أن يدَّعي الرجل إلى غير أبيه)[2]و، (من ادَّعَى إلى غَيْرِ أبيه وهو يَعْلَمُ أَنَّهُ غَيْرُ أبيه فَالْجَنَّةُ عليه حَرَامٌ)[3]، سەرەڕای ئەوەی كەوا لەكۆمەڵگای ئیسلامیدا ژمارەیەك لە (صەحابەو یاران) بە نەتەوەكانیان ناسرابوونو هیچ كەس نكۆلی لێ نەكردنو ناسنامەی نەتەوەیی لێی قەدەغە نەكردنو، چەندین بەڵگەی تر.

بۆیە بەپشت بەستن بەڕای زانایانی ئیسلام لەسەر شی كردنەوەی ئەم كۆمەڵە فەرمایشتانەی سەرەوە، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان ڕایدەگەینێت كە: (مافێكی سروشتی هەموو مرۆڤێكە خۆی بە نەتەوەكەی خۆی بناسێنێتو لادان لەناسنامەی نەتەوایەتیو گۆڕینی نەتەوە چ بەویستی خۆی وەیا لەژێر هەر فشارێك بێت پێشێل كردنێكی ئاشكرایی ویستی خوای گەورە دادەنرێتو، هیچ كەسێكیش بۆی نیە فشار لەسەر هیچ كەسێكی تر بكات بۆ گۆڕینی نەتەوەكەی، بەڵكو گۆڕینی نەتەوە لەئیسلامدا بەتاوان هەژمار دەكرێت).

---

1- سورة الحجرات/ ١٣.

2- رواه البخاري، ينظر: الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله( d ) وسننه وأيامه: أبو عبدالله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم بن المغيرة الجعفي البخاري، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، دار طوق النجاة، الطبعة الأولى ١٤٢٢هـ، كتاب الجمعة، بَاب الطِّيبِ لِلْجُمُعَةِ، رقم الحديث: (٣٥٠٩): ٢٢/٩.

3- رواه البخاري: ينظر: المصدر السابق، كتاب الجمعة، بَاب الطِّيبِ لِلْجُمُعَةِ، رقم الحديث: (٤٣٢٦)، ٣٩١/١٠.

## ( ٣ )

# حوکمی پێشینەی خانووبەرە

**بِسْمِ اللَّه الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

**فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**

ئێمە لەیەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەمیشەو لە هەموو دانیشتنو دیدارەکانمان داوامان لەلایەنی پەیوەندیدار لەسەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ هاوکاریکردنی هەژارو کەم دەرامەتو تێکڕای خەڵکی کوردستان دەرفەتی هاوکاریکردنیان پێ بدەن بەتایبەتی بە پێدانی پێشینەی خانووبەرە (سلفة العقار).

خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بەپێدانی ئەم پێشینەیە لەساڵی (٢٠٠٩)، بەڵام فەرمانەکە زێدەیی تێدا بوو، کە ئەوەش لەڕوانگەی شەرعەوە دروست نەبوو، بۆیە لە یەکێتی زانایانو لیژنەی ئەوقاف لە پەرلەمانی کوردستانو وەزارەتی ئەوقافو مامۆستایانی ئایینی داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، فەرمان بدەن بە لابردنی ئەو زێدەییە، بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان بە ئاسوودەیی لێی سوودمەند بن.

دواجار وەزارەتی داراییو ئابووری بە نووسراویان ژمارە (٩١٣) لە (٢٠١٠/١/٢٥) فەرمانیدا بەلابردنی ئەو زێدەییە لەسەر پێشینەی خانووبەرە، کە ئەوەش جێگای سوپاسو دەستخۆشییە، بەڵام لەکاتی پێدانی پێشینەکە خەڵك تووشی دوودڵی بوون لەو برە پارەیەی بەناوی رسوماتو تەئمین وەردەگیرێت، مامۆستایانیش داوای روونکردنەوەی زیاتریان دەکرد، بۆیە ئەو ماوەیە بەبێ وەستان لە هەموو دیدارو

دانیشتنەكانمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان بەتایبەتی سەرۆكی حكومەتو وەزیری داراییی داوای روونكردنەوەمان كرد.

لەڕۆژی (٢٠١٠/٩/٧) نووسراومان بۆ وەزارەتی دارایی نارد بۆ ئەوەی بەڕەسمی روونكردنەوەمان لەسەر شێوازی دابەشكردنەكە پێ بدەن.

وەزارەتی دارایی بەنووسراوی فەرمی بە ژمارە (١٦٢٠٥/٤/٩) لە (٢٠١٠/١٠/٣) وەڵامی رونكردنەوەی زانایانی دایەوەو بەفەرمی رایانگەیاند كە ئەو پارەیەی كە لەهاوڵاتی وەردەگیرێت بەناوی گواستنەوەو كرێی لێژنەكانی پشكنینو بەنكو روپێوەكانی تۆمارگەی خانووبەرەو خەرجیەكانی دیكەی پەیوەست بەم پێشینەیەیە، چونكە سیستەمی بەڕێوەبردنی بانكەكانی خانووبەرە لەهەرێمی كوردستان (تەمویل ذاتین) واتە بانكەكە خۆی خۆی بەڕێوەدەباتو هەموو خەرجیەكانی لەسەر خۆیەتی.

بۆیە لێرەدا دوو بابەتی فیقهی دروست بوو:

یەكەم: ئایا ئەم رسوماتەی كە بەناوی گواستنەوەو كرێی لێژنەكانی پشكنینو بەنكو روپێوەكانی تۆمارگەی خانووبەرەو خەرجیەكانی دیكەی پەیوەست بەم پێشینەیەیە لە هاوڵاتی وەدەگیرێت دەچنە خانەی (ریبا)ەوە یان نا؟

دووەم: ئایا ئەو برە پارەیەی كە بەناوی كۆمپانیای دڵنیایی (تأمین) لەهاوڵاتی وەردەگیرێت تأسیر لە حەرام بوونی ئەم پێشینەیە دەكات یان نا؟

بۆیە بۆ روونكردنەوەی بابەتەكە، یەكێتی زانایان بە بەردەوامی لە ڕا گۆڕینەوەو وتوێژ دابوو لەگەڵ زانایانی ئاینی كوردستانو مامۆستایانی زانكۆو پسپۆرانی ئابووری ئیسلامی بۆ رزگار بوون لەم گرفتەی كە رۆژانە هەم زانایانی ئاینیو هەمیش هاوڵاتیان داوای فەتوایان لەسەر دەكرد، بۆیە دوایی گەران بەدوایی سەرچاوەكان، رۆژی (٢٠١٠/١٠/٧) لێژنەی باڵای فەتوای كوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامەكانیو چەند مامۆستایەكی ئایینی لە هەولێرو سلێمانیو ناوچەكانی دیكەی كوردستان، بڕیاریدا بەوەی كە:

١- ئەو برە پارەیەی لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت بەناوی خەرجیە جۆراوجۆرەكان ناچێتە خانەی ریبا.

٢- ئەو برە پارەیەی كە بەناوی كۆمپانیای دڵنیاییەوە لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت خودی پێشینەی خانووبەرە حەرام ناكات.

وە لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە بابەتێكی هاوسەردەمە، زانایانی پێشوو ڕاو بۆچوونیان لەسەر نییە، بۆیە سەبارەت بە خاڵی یەكەم ئەوا بە پشت بەستن بە بڕیارەكانی كۆربەندی فیقهی ئیسلامی لەخولی سێیەمی خۆی كە لەشاری عەممانی پایتەختی شانشینی ئۆردن لەبەرواری ٨-١٣ سەفەری ١٤٠٧ك بەرامبەر ١٦ی ئۆكتوبەری ١٩٨٦ز ئەنجامیدا فەتوای داوە كە: (جواز أخذ أجور عن خدمات القرض بشرط أن يكون في حدود النفقات الفعلية)[1].

هەروها دكتور وەهبە الزحیلی[2] و د كتور عبدالله محمد العمرانی[3] و دكتور حسام الدين موسى عفانە[4]ش فەتوایان داوە بە دروستیو حەلالی وەرگرتنی رسومات لەسەر پێدانی قەرز، هەتا دكتور دكتور حسام الدين موسى عفانە ئەمەشی پێ باشە كە رسوماتەكان بەشێوەیەكی براوە بێتو دەڵێت: كثير من فقهاء العصر يرون أن تقدر هذة الرسوم بمبلغ مقطوع ولاتقدر بنسبة مئوية[5].

---

1- بڕوانە: قرارات المجمع الفقة الإسلامي في دورتة الثالثة المنعقد في عمان ٨-١٣ صفر ١٤٠٧هـ الموافق ١٦ من أكتوبر ١٩٨٦م.

2- بڕوانە: الفقة الإسلامي وأدلته: الدكتور وهبة الزحيلي، دار الفكر، دمشق، چاپی چوارەم ١٤١٨هـ-١٩٩٧م، ٥/٣٧٦٤.

3- بڕوانە: المنفعة في القرض: دراسة تأصيلية، عبدالله محمد العمراني، لاپەڕە ٧. www.saaid.net

4- بڕوانە: بحث منشور على شبكة الأنترنيت في موقع (شبكة يسألونك الإسلامية) للدكتور حسام الدين بن موسى عفانة، الزيادة على القرض متى تكون رباً ومتى لاتكون.www. yasaloonak.net

5- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وە سەبارەت بە خاڵی دووەم ئەوا لیژنەی باڵای فەتوا قسەی لەسەر حەلالی‌و حەرامی کۆمپانیای دڵنیایی نەکردووە، بەڵکو تەنها گفتوگۆ لەسەر ئەوە کراوە کە ئایا ئەو بڕە پارەیەی کە بەناوی کۆمپانیای دڵنیاییەوە لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت خودی پێشینەی خانووبەرە حەرام دەکات یان حەرامی ناکات؟

هەرچەندە کۆمپانیاکانی دڵنیایی جۆراوجۆرن‌و زانایانی هاوسەردەم فەتوای جۆراوجۆریان لەسەریانەوە هەیە، هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە کۆمپانیای دڵنیایی بەگشتی حەرامن‌و، هەندێکی تریشیان پێیان وایە هەندێ جۆری کۆمپانیای دڵنیای حەلالەو هەندێ جۆری تری حەرامەو، هەندێکی تریش بەرەهایی کۆمپانیاکانی دڵنیایی حەلال دەزانن.

بەڵام بەپشت بەستن بەفەتواکانی هەریەك لە دکتور وهبە الزحيلی[1] و دکتور مصطفى الزرقا[2] و دکتور محمد سعيد رمضان البوطي[3] و دکتور أحمد الشرباصي[4] و الشيخ محمد عبده[5] و الشيخ بن عثيمين[6] و سليمان بن ناصر العلوان[7] و الشيخ عبدالوهاب خلاف[8] و

---

1- بروانە: موسوعة الفقه الإسلامي المعاصر: الدكتور وهبة الزحيلي، ٣١٧/٣، و٣٤٠.

2- بروانە: المدخل الفقهي العام إلى الحقوق المدنية: مصطفى الزرقا/ دمشق- ١٣٧٧هـ، لاپەرە ٦٠٣. ونظام التأمين لمصطفى الزرقا.

3- بروانە: مشورات إجتماعية: الدكتور محمد سعيد رمضان البوطي، دار الفكر، ٢٠٠١م، ص٩٠.

4- بروانە: يسألونك في الدين والحياة: الدكتور أحمد الشرباصي، دار الجيل، الطبعة الأولى ٢٠٠٧، ٢١٤/١.

5- نقل رأيه الدكتور أحمد الشرباصي في كتابه يسألونك في الدين والحياة: ٢١٥/١.

6- اللقاء الشهري: العلامة بن عثيمين، موقع الشبكة الإسلامية على الشاملة نت، ١١/٥١. و: فتاوى نور على الدرب: ٨٤/١.

7- اللآلىء الحسان في كلام العلوان: سليمان بن ناصر العلوان: ٢١٤/١.

8- نقل رأيه الدسوقي في كتابه التأمين وموقف الشريعة منه، ص٧٨. و نقل رأيه أيضاً غريب جمال في كتابه التأمين في الشريعة الإسلامية والقانون ص٢٠٢.

الشيخ علي الخفيف[1] و الشيخ عبدالرحمن عيسى[2] و الدكتور علي جمعه[3]، كه پێیان وایه (التأمين) دروستەو، بەتایبەتیش لەوکاتەی کەوا ئیجبار کردنی تێدا بێتو هەر کاتێك مرۆڤ ئیجبار کرا لەسەر تأمین ئەوا بۆی هەیە برە پارەکەی تأمین بداتو وەك باجو زەریبەیان هەژمار کرددووە.

وە لە بەر زۆری رایەکان هەندێك لەوتەی ئەم زانایانە بە نموونە دەهێنینەوە:

دکتور محمد سعيد رمضان البوطي دەڵێت: التأمين الإجباري نوع من أنواع الضريبة، يدفعها التاجر ولا يتحمل من جراء ذلك أي وزر[4].

شێخ بن عوثيمين گریمانێك دادەنێتو، دەڵێت: قد يقول قائل إذا ابتليت بهذا الأمر فقدمت إلى بلدٍ أو كنت في بلدٍ يرغمونني على هذا التأمين فماذا أصنع؟ هل أُعَطِلُ سيارتي وأستأجر، أم ماذا أصنع؟ لەوەلامدا دەڵێت: أقول في هذا أنَّه إذا أرغمت على هذا التأمين فلا حرج عليك أن تدفع ما أرغمت عليه[5].

وە هەروها سليمان بن ناصر العلوان دەڵێت: والذين يكرهون على هذا التامين فإنَّهم يترخصون بالدفع ولا إثم عليهم[6].

وە لیژنەی باڵای فەتوا باسی لە حەرامیو حەلالی کۆمپانیاکانی دڵنیایی نەکردووە، بەڵکو تەنها قسەی لەسەر ئەسەری دانی تأمین کردووە لەسەر پێشینەکە، بۆیە بە پشت

---

1- نقل رأيه الدكتور ياسين دارتكه في كتابه نظرية الغرر في الشريعة الإسلامية: ٢/٢٩٥.

2- نقل رأيه أيضاً غريب جمال في كتابه التأمين في الشريعة الإسلامية والقانون ص٢٣١.

3- بروانە: فتاوى البيت المسلم للدكتور على جمعة، ص ٢٣٩.

4- بروانە: مشورات إجتماعية: الدكتور محمد سعيد رمضان البوطي، دار الفكر، ٢٠٠١م، ص٩٠.

5- بروانە: اللقاء الشهري:العلامة بن عثيمين، موقع الشبكة الإسلامية على الشاملة نت، ١١/٥١، و: فتاوى نور على الدرب:٨٤/١.

6- بروانە: اللآلىء الحسان في كلام العلوان: سليمان بن ناصر العلوان: ٢١٤/١.

بەستن لەسەر ڕای ئەم زانایانەی کە باسمان کردوون، لیژنەی باڵای فەتوا ئەو بڕوایەی بۆ دروست بوو کە ئەو بڕە پارەیەی کە لەجیاتی تأمین دەدرێت هیچ تأسیری نییە لەسەر وەرگرتنی پێشینەکەو ناگێریت بە حەرام...

بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە ڕۆژی (٢٠١٠/١٠/٧) لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی ئاینی هەولێرو سلێمانیو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیاریدا:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسّلام على رسول الله محمّد وعلى آله وصحبه أجمعين....

بە سوودوەرگرتن لە راو بۆچوونی زانایانی هاوسەردەمو بڕیارەکانی مەجمەعی فیقهی ئیسلامی لەکۆنگرەی سێیەمی ساڵی (١٩٨٦)و لێکۆڵینەوە لەسەرچاوە فیقهیەکانی فیقهی ئیسلامیو، بە لەبەرچاوکردنی بەرژەوەندی هاووڵاتیانو پێویستیەکانی ئەم قۆناغە، لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بەم شێوەیە بڕیاریدا:

(ئەو بڕە پارەیەی لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت بەناوی خەرجیە جۆراوجۆرەکان ناچێتە خانەی ریباوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو بڕە پارەیەی کە بەناوی کۆمپانیای دڵنیاییەوە لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت خودی پێشینەی خانووبەرە حەرام ناکات). بۆیە هاووڵاتیان بەبێ دوو دڵی دەتوانن لەپێشینەی خانووبەرە سوودمەند بن).

## ( ٤ )

# چەند فەتوایەکی تایبەت بە قوربانی

لەسەرو بەندی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆز، ژمارەیەك پرسیار لەلایەن لیژنە فەتوای لقەکانی یەکێتی زانایان ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کران‌و، لیژنەی باڵای فەتوای کوردستانیش لەدانشتنی ٢٠١٠/١١/٩ وێرای پێشکەش کردنی پیرۆزبایی هاتنی ئەو جەژنەی لە زانایانی ئاینی کوردستان‌و سەرجەم موسڵمانان، بەم شێوەییەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

**پرسیاری یەکەم: ئایا دروستە ئەو کەسانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، کەسێك لێرە بکەنە وەکیلی خۆیان‌و، لێرە قوربانیان بۆ بکەن؟**

**وەڵام:** بەڕای زۆرینەی زانایانی فیقهی ئیسلامی دروستە ئەو کەسانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین، کەسێك لێرە بکەنە وەکیلی خۆیان‌و، لێرە قوربانیان بۆ بکرێت.

**پرسیاری دووەم: ئایا دروستە ئەو بەڕێزانەی کە چوونەتە حەج، لێرە قوربانی بکەن، یا لەشاری مەککەی پیرۆز؟**

**وەڵام:** بۆ ئەو بەڕێزانەش کە چوونەتە حەج، بۆیان دروستە لە مەککە یان لێرە قوربانی بکەن، بەڵام باشتر وایە قوربانی لێرە بکەن، بۆ ئەوەی هەژارەکانی ئێرە لێی سوودمەند بن، ئەوە سەرباری ئەوەی لە مەکەی پیرۆز ڕێژەیەکی یەکجار زۆری قوربانی ئەنجام دەدرێت.

**پرسیاری سێیەم: ئایا لە رووی شەرعیەوە دروستە قوربانی بۆ منداڵێك بکرێت کە نەگەیشتبێتە تەمەنی بلوغ بوون؟**

**وەڵام:** قوربانیکردن بۆ منداڵێك، کە نەگەییشتبێتە تەمەنی بلۆغ بوون‌و خۆناسین دروستە، بەڵام بۆی دەبێتە سەدەقە. بۆیە چاکتر وایە، ئەگەر منداڵەکە گەییشتە حەدی بلۆغ بوون دووبارە قوربانی بکاتەوە.

**پرسیاری چوارەم: ئایا دروستە لەبری قوربانی کـرد، بڕێـك پـارە بـدرێت بـە دەزگـا خێرخوازیەکان بۆ ئەوەی بکرێت بە قوربانی؟**

**وەڵام:** سەبارەت بە پارە تەسلیمکردن بە دەزگا خێرخوازیەکان، دروستە ئەگەر جێگـای متمانە بن، بەڵام باشتر وایە لەکاتی سـەربڕینەکە خـاوەن قوربـانی ئامـادە بێـت، ئەگـەر ئامادەش نەبێت هەر دروستە.

**پرسیاری پێنجەم: ئایا دروستە کە قوربانی لەشوێنێکەوە بگوازرێتەوە شوێنێکی تر؟**

**وەڵام:** گواستنەوەی قوربانی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، تەنها لەو کاتەدا دروستە کە کەسەکە زۆر هەژارو پێویست بێت.

**پرسیاری شەشەم: قوربانی نەزر چۆن رەفتاری لەگەڵ بکرێت ؟**

**وەڵام:** قوربانی نەزر تەنها دەدرێتە ماڵە هەژارەکان، نابێت خاوەنەکەی خـۆیو ئەوانـەی نەفەقەیان لەسەریەتی بیخواتو، مەگەر بەمیوانداری لەماڵێکی دیکە بیخـوات، وە نابێـت قوربانی نەزر بدرێتە ماڵی دەوڵەمەندیش. بەڵام قوربانی سـوننەت دروسـتە خاوەنەکـەی بیخواتو، هەروەها بدرێتە دەوڵەمەندەکانیش.

**پرسیاری حەوتەم: ئایا قوربانی بۆ مردوو دروستە؟**

**وەڵام:** قوربانیکردن بۆ مردوو واجبە ئەگەر وەسیەتی کردبێـت، بـەڵام ئەگـەر وەسـیەتی نـەکردبێت، دروسـتە بـە میراتـی بـەجێماوی قوربـانی بکرێـت، بـەڵام دەبـێ هـەموو میراتگرەکان ڕێگەی پێ بدەن، یان کەسێك بە ماڵی خۆی بۆی بکات[1].

---

1- بەکورتی قوربانی بۆ مردوو کە وەسیەتی نەکردبێ، زانایانی مەزهەبی ئیمـامی شـافیعی دوو ڕایـان هەیە، یەکەمینیان کەسوکاری مردووەکە ئاژەڵەکە بەناوی خۆیانـەوە سـەردەبڕنو مردووەکـەش لـە خێرەکە بەشداری دەکـەنو، ڕای دووەمـیش کـە ڕای حەسـەنی عـەبادیو هەنـدێکی تـر لـە زانایـان ڕێگەیان داوە کە ئەگەر وەسیەتیشی نەکردبێ ئەوا راستەوخۆ دەتوانرێ قوربانی بۆ بکرێت.

**پرسیاری هەشتەم: ئایا دروستە بەبێ پرس پێکردن کەسێك قوربانی بۆ کەسێکی دیکە بکرێت؟**

**وەڵام:** بەڵی دروستە شەرعا بەبێ پرس پێکردن کەسێك قوربانی بۆ کەسێکی دیکە بکات.

**پرسیاری نۆیەم: ج جۆرە ئاژەلێك بۆ قوربانی دەشێت؟**

**وەڵام:** سەبارەت بە گیانداری قوربانیش بزنو مەڕ هەریەکیان بەیەك قوربانی دەچێت بەمەرجێك بزن دوو ساڵی تەواو کردبێتو مەڕیش یەك ساڵی تەواو کردبێت، ڕەشە وڵاغیش یەك بە حەفت قوربانی دەبێتو مەرجە دوو ساڵی تەواو کردبێت. پێویستە ئەو حەیوانەی کە دەیکاتە قوربانی عەیبێکی وای نەبێت لاوازی بکات، واتە: لاوازو شێتو کۆرەو نەخۆشو جدەو لەڕ نەبێت، بەڵام حەیوانی بێ قۆچ یان قۆچ شکای دەبێت ئەگەر لاوازی نەکردبێت، وەئەگەر گوێی هەردڕا بو یان کون کرابوو ئەوا دەبێت بەمەرجێك هیچی لێنەکرابێتەوە، وەحەیوانێ ئەگەر هەموو ددانەکانی کەوتبێ نابێت بۆ قوربانی، بەڵام ئەگەر یەك دوانێکی شکابوو یان کەوتبوو ئەوا قەیدی نییە، لەقوربانی کردندا ئاژەڵی نێرو مێ فەرقیان نییە، وە ئەگەر نێرە خەسیویش بێت دەبێت.

**پرسیاری دەیەم: ج کاتێك بۆ قوربانی دروستە؟**

**وەڵام:** کاتی سەربڕینی قوربانیەکەش لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لەدوای نوێژی جەژن دەست پێدەکات تاکۆتایی رۆژی چوارەمی جەژن، لەهەموو کاتەکانی ئەو چوار ڕۆژە دروستە.

## ( ٥ )

# حوكمی كڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل به قیست له كۆمپانیاكانەوه

ماوەیەك بوو چەند كۆمپانیایەك له كوردستان (ئۆتۆمبێل) یان بەشێوەی قیست به هاووڵاتیان دەفرۆشتنو، بانكیش لەم نێوەندە پارەكە وەردەگرێت، ئەم بابەتەش بووە جێگەی مشتومڕو قسە لەسەركردن لەنێوان زانایانی ئاینیو هاوڵاتیان، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان دوای ئاڵوگۆر كردنی ڕای شەرعی لەنێوان ئەندامانیو گەڕانەوە بۆ بەڵگەو سەرچاوە شەرعیەكان، لەڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣ لەفەتوایەكدا لایەنی حەڵاڵیو حەرامی ئەم مامەڵەیە روون دەكاتەوە، ئەمەی خوارەوەش دەقی روونكردنەوەكەیە:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على حبيبنا ومولانا محمد وعلى آله وأصحابه والتابعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين.

لەم چەند ساڵانەی رابردودا چەند كۆمپانیاییێك بۆ كڕینو فرۆشتنی سەیارە لە كوردستان دامەزراون، ئەم كۆمپانیایانە سەیارەی بەخەڵك دەفرۆشن بە ئەقسات، بە ماوەی چەند ساڵێك بە نرخێكی گرانتر لەكڕینی بەحازری، ئەم مامەڵەش بە وەسیتی بانك ئەنجام دەدرێت.

هاوڵاتیان بە تاكو بە كۆمەڵ سەردانی (لیژنەی باڵای فەتواو لیژنەی فەتوای لقەكانی یەكێتی زانایان)یان دەكرد بۆ وەرگرتنی وەڵامی شەرعی لەسەر ئەم بابەتە، ئایا كڕینو فرۆشتنی سەیارە لەم جۆرە كۆمپانیایانە لەڕوانگەی شەریعەتەوە دروستە، یان نا؟

دوای باسو لێكۆڵینەوەو بەدواداچوونی ئەم جۆرە مامەڵەیە لەلایەن لیژنەی باڵای فەتوا، بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیار درا:

– مامەڵە لەگەڵ ئەم كۆمپانیانە بە دوو شێوە دەكرێت:

١– شێوەی یەكەم: (بانكە)كە لەجیاتی كڕیار پارە دەداتە كۆمپانیایەكە وەك قەرز بە هاوڵاتی، پاشان بانكەكە پارەكە لە هاوڵاتی وەردەگرێتەوە بەشێوەی (ئەقسات) بەزێدەیی، ئەم جۆرە مامەڵەیە: ریبایەو لەروانگەی شەریعەتەوە دروست نییە، پێویستە موسڵمانان خۆیان لەو جۆرە مامەڵانە بپارێزن.

٢– شێوەی دووەم: ئەوەیە كە (بانكە) كە سەیارە لەكۆمپانیایەكە دەكڕێت بۆ خۆی، پاشان (بانكە)كە سەیارەكە بە هاوڵاتیان دەفرۆشێتەوە بە ئەقسات، بەو جۆرە مامەڵەیەی كە لەسەری رێكدەكەون، ئەم جۆرە مامەڵەیە لەڕوانگەی شەرعەوە دروستە، جا داواكرین، لەكۆمپانیاكانو (بانكە)كان بۆ ئەوەی خۆیانو موسڵمانان، نەكەونە بەر هەڕەشەی ئەو ئایەتە، كە دەفەرمووێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ* فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ...)[1]، شێوەی دووەم هەڵبژێرنو، لەسەر رێگەی شەرعی بڕۆن، بۆ ئەوەی هەمووومان دووربین لەمەترسیو گوناهی ریبا.

1– سورة البقرة/ ٢٧٨–٢٧٩.

## ( ٦ )

# حوکمی خەتەنەکردنی مێینە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الحمد لله ربّ العالمين، والصّلاة والسّلام علي اشرف المرسلين وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلي يوم الدّين.

ماوەیەك بوو لەژمارەیەك دەزگای ڕاگەیاند بابەتی (خەتەنە کردنی مێینە) دەورژێنرا، بۆیە دەربارەی زانینی حوکمی خەتەنەکردنی مێینە لەفیقهی ئیسلامیدا؟ هەروەها تێڕوانینی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟. لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان لەبەرواری ٢٠١٠/٧/٦ بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی ئەم بابەتەی دایەوە:

پێش وەڵامدانەوە بە پێویستی دەزانین ئەم پێشەکیە باس بکەین: لەڕاستیدا ئیسلام خەتەنەکردنی بەتایبەتیش خەتەنەکردنی مێینەی دانەهێناوە، بەڵکو نەریتێکی باوو کۆن بووە لەنێو گەلانی کۆن.

هیرۆدۆت مێژوونووسی ئیغریقی بەناوبانگ دەڵێت: (ئەوانەی لەسەردەمانی زۆر کۆن خیتانیان ئەنجام داوە میسریەکانو ئاشوریەکانو کۆسیدیۆنو حەبەشیەکان بوونە، گەلانی دیکەش لەمیسریەکانەوە فێربوونە)[1].

1- تأريخ الحضارة المصريّة القديمة ٥٣٣/١.

شێخ مەحمود شەلتوت شێخی پێشووتری ئەزهەر، دەڵێت:

(کرداری خەتەنەکردن کردارێکی کۆنە، هەر لە سەرەتای مێژووەوە زۆر خەڵك ئەو کارەیان کردووەو، تا هاتنی ئیسلامیش لەسەری بەردەوام بوونە)[1].

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە، کە عەرەب پێش هاتنی ئیسلامیش خەتەنەکردنیان ناسیوەو، بۆ پیاوو ئافرەت ئەنجامیان داوە، ئەوەندە باو بووە لە نێویان تا بووەتە نەریتێکی خوو پێگیراو.

حوکمی خەتەنەکردنی مێینە لە فیقهی ئیسلامیدا زانایان دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە بەسەر سێ رای جیاواز دابەش بوونە:

رای یەکەم: خەتەنەکردن بۆ پیاوو ئافرەت بە واجب دادەنێن. ئەمە رای زۆرینەی شافیعیەکانە[2].

رای دووەم: خەتەنەکردن بۆ پیاوانو ئافرەتان سوننەتە. ئەمە رای ئەبو حەنیفەو، ریوایەتێکی ئیمامی مالیکو، هەندێك لە هاوەڵانی شافعیو، حەسەنی بەسریە[3].

رای سێیەم: خەتەنەکردن بۆ پیاوان واجبە، بۆ ئافرەتانیش سوننەتو مەکرەمەیە. ئەوە رای ئیمامی ئەحمەدە.

پوختە: جمهوری زانایان لەسەر ئەوەیە، کە خەتەنەکردن بۆ مێینە سونەتو مەکرەمەیەو، واجب نییە، خۆ دیارە سوننەتیش بە کردنی پاداشت وەردەگریو بە نەکردنیشی تاوانبار نابیت، کەواتە کارێك نییە کە دەبێ هەر ئەنجام بدرێت، بەڵکو ئەگەر نەیکرد هیچ تاوانی نییە.

---

1- الفتاوي/ ٣٣٠-٣٣١.

2- مغني المحتاج ٢٠٢/٤. نهاية المحتاج ١٨٤/٧.

3- المغني والشّرح الكبير ٧٠/١، و: فتح القدير ٤٥/٦.

ئەو فەرموودانەی پەیوەستن بە خەتەنەكردنی مێیینە زۆربەیان فەرموودەی لاوازن، ئەبوداود لەو بارەوە دەفەرمووێت: (فەرموودەی خەتەنەكردنی ئافرەت بە چەند شێواز گێڕدراوەتەوە، هەموویان لاوازو مەعلولن‌و، ناكرێنە بەڵگە)[1].

ئیمامی مەناوی لە كتێبی (فیض القدیر)، وە خاوەنی كتێبی (نیل الأوطار) لە ئیبن مونزیرەوە دەگێڕنەوە، دەفەرمووێت: لەبارەی خیتانەوە نە فەموودەیەك هەیە پشتی پێ ببەسترێت، نە سوونەتێكیش هەیە كاری پێ بكەی)[2].

((وەلی كچەكە ئازادە لەوەی خەتەنەی بۆ بكات یان نەی كات، هەر كاتێكیش لەلایەنی تەندروستییەوە بەدڵنیاییەوە دەركەوت، كە خەتەنەكردن زوو یان درەنگ زیان بە ئافرەت دەگەیەنێت، نەكردنی باشترە، ئەوەش بە پشت بەستن بەو بنەماو قاعیدەیەی دەڵێت: (لاضرر ولا ضرار) (نابێ زیان بە خۆتو بە غەیرت بگەیەنی)،)).

---

1- عون المعبود شرح سنن أبي داود ١٢٦/٧.

2- فیض القدیر ٢٨٠/١. نیل الأوطار ١٨٣/١.

## ( ٧ )

# چەند فەتوایەکی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خواردنەوەی خواردنەوە گازیەکان

## یەکەم: خورادنەوەی ئیستیك

بسم الله الرّحمن الرّحيم

الحمد لله ربّ العالمين والصّلاة والسّلام علي حبيبنا ومولانا محمّد وعلـي الـه وصـحبه والتّابعين ومن تبعهم بإحسان إلي يوم الدّين.

لەم چـەند مانگـەی رابـردوودا زۆر لـە هاووڵاتیـان سـەردانی لیژنـەی بـاڵای فـەتوایان کردووە، دەربارەی شەربەتی جۆ، ناوبراو بە (ئاب جۆی ئیستیك) بۆ وەرگـرتنی فـەتوای شەرعی، کە ئایا ئـەم شـەربەتە، کـە ئێرانییـە، لـەڕووی شـەرعەوە خواردنـەوەو کـڕینو فرۆشتنی حەڵاڵە یان حەرامە، وە چەند جاریش ئـەم (ئـاب جـۆی ئیـستیك) یـان هێنایـە مەجلیسی فەتوا بۆ خوێندنەوەی نووسینەکەی سەر بتڵەکە، جا دوای باسو لێکۆڵینـەوە لەلایەن لیژنە، هەروەها پرسیار لە چەند دکتۆڕی پسپۆڕو شارەزا لە مادە هۆشـبەرەکان کرا، کە هەموویان تەئکیدیان کردەوە، کە شەربەتی ناوبراو، هیچ مادەیەکی کحولی تێـدا نییە، وە سەرخۆشکەر نییە[١].

---

1- بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستیو ژینگەپارێزی، سەر بەفەرمانگەی تەندروستی سـلێمانی بـەژمارە نووسـراوی (٨٧٧) لـە (١٢/٤/٢٠٠٧) بەرامبـەر (٢٢/نـەورۆز/٢٧٠٧) بـە ئیمـزای د.نجـم الـدّين حەسەن أحمد، وەڵامی لیژنـەی بـاڵای فـەتوایان داوەتـەوە، کـە دەقەکـەی دەڵێـت: پـاش ئەنجامـدانی پشکنینی تاقیگەیی بۆ ئەو نموونانەی کە بە نووسراوی سەرەوەتان بۆتان ناردبووین دەرکەوت کە هیچ جۆرە کحولێکی تیا نییە.

جـا دوای ئـەم لێکۆڵینـەوە لەلایـەن لێژنـەی بـاڵای فـەتوای هـەرێمی کوردسـتان لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٥/١٨ بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیار درا:

ئـەم شـەربەتی نـاوبراو بـە (ئـاب جـۆی ئیـستیك)ی ئێرانـی خواردنـەوەو، کـڕینو، فرۆشتنی حەلالە، موسڵمانان دەتوانن بۆ خواردنەوەو کڕینو فرۆشتن سوود لە شەربەتی (ئـاب جـۆی ئیـستك) سـەر بـە کۆمپانیـای ئیـستك وەربگـرن، تـا ئـەو کاتـەی بـە پـاکی دەمێنیتەوەو دوور لە هەموو کەرەستەیەکی مادده کحولیەکان.

## دووەم: کێشەی کۆکا کۆلا

بسم الله الرّحمن الرّحيم

الحمد لله ربّ العالمين والصّلاة والسّلام على حبيبنا ومولانا محمّد وعلـى آلـه وصـحبه والتّابعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدّين.

لەم چەند مانگانەی ڕابردوودا لە هەندێك ڕاگەیاندنەکان پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبۆوە، کە خواردنەوەی (کۆکا کۆلا) حەرامە، وە کارکردنیش لە نێو ئەو کۆمپانیە حەرامـە، ئـەم حەرامکردنەش بە بەڵگەی ئەوەی (کۆکا کـۆلا) کـە بـە پیتـەکانی ئینگلیـزی یـان لاتـینی لەسەر بتڵەکـەی نووسـراوە، ئەگـەر ئاوێنـەی بەرانبـەر نووسـینەکە ڕابگـری بەپێـچەوانە دەخوێندرێتـەوە، نووسـینەکە دەبێتـە (لا محمـد لا مکـە)، کـە ئەمـەش کەمکردنـەوەو، سـووکایەتیکردنە بـە بـەها پیرۆزەکـانی ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام، جـا کارمەنـدەکانی کۆمپانیای ناوبراو چەند جار هاتنە لێژنەی فەتوا بۆ وەرگرتنی وەڵامی ڕاست.

جا دوای باسو لێکۆڵینەوەی ئـەم کێـشەیە لەلایـەن لێژنـە، هـەروەها بەدواداچـوونو گـەڕان بـە دوای ڕەئـی زانایـانی ئیـسلامی، لەوانـە (دار الإفتـاء)ی کۆمـاری میـسری، بـە ئامادەبوونی (موفتی ئەزهەر)و چەندەها زاناو پسپۆڕی ئـەم بوارانـە، کـە بـەکۆی دەنـگ ئەم پڕوپاگەندەی سەر (کۆکا کۆلا)یان بێ بنەماو بێ ئەساس دانا.

لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لەدانیـشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٢/٩ بـەم شـێوەیە بڕیاری دا:

خوای گەورە دەفەرموویت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ)[1]، کاتی خۆی لە زەمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لەناو خەڵکا وا بڵاوببۆوە، کە پەنیری شامی بە شیلکەی بەراز ساز دەکرێت، پەنیری شامیان بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هێناو، خواردیو، هیچ نەیپرسی، هەروەها قاعیدەیەکی فیقهی هەیە (الأصل في الأشياء الإباحة ما لم يرد نصّ بالحرمة).

بۆیە کۆکا کۆلا لەسەر ئەسڵی خۆی دەمینێتەوە، کە موباحیەتو حەڵالیە، وە موسڵمانان موکەلەفو مەئمور نین، کە نووسینەکان بەپێچەوانە بخوێننەوە، ئەمەش زیاتر گومانەو بیناش لەسەر گومان ناکرێت.

## سێیەم: ئا بجۆی ( بيت ماڵت )

دوای ئەوەی چەند جار هاوولاتیان سەردانی لیژنەی فەتوایان کرد بۆ وەرگرتنی فەتوای شەرعی، سەبارەت بە (ئابی جۆ) لەجۆری (بیت ماڵت)، کە ئایا خواردنەوەو کڕینو فرۆشتنی حەڵاڵە یان حەرامە؟.

ئێمەش نووسراوێکمان ئاراستەی (فەرمانگەی تەندروستی) هەولێر کرد، کە بۆمان روون بکەنەوە ئایا (ئاب جۆ) جۆری (بیت ماڵت) مادەی کحولو سەرخۆشکەری تێدایە یان نا؟.

لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان، دوایی لێکۆڵینەوەو تاوتوێ کردنی بابەتەکە لە لیژنەوی باڵای کوردستانو ناردنی خواردنەوەی (ئاب جۆ) بۆ پشکنین لەتاقیگەو وەرگرتنی رای لیژنەی تەندروستی، لیژنەی باڵای فەتوا لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٠/٧/٢٠ بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیار درا:

---

1- سورة النساء/٥٩.

(( (ئـابی جـۆ) جـۆری (بیـت مالـْت) کـڕینو فرۆشـتنو خواردنـەوەی حەڵاڵـە، مـادام سەرخۆشکەر نییە، موسڵمانان دەتوانن سوودی لیٚ وەربگرن))[1].

## چوارەم : کێشەی وایلد تـایگەر

ماوەیەکە هاووڵاتیـان دەربـارەی خواردنـەوەی (وایلـد تایگـەر) پرسـیار دەکـەن، بـۆ روونکردنـەوەی حـوکمی شـەرعی ئـەم خواردنەوەیـە، پێـشتر دەسـتەی پێوانەسـازیو کۆنترۆڵی جۆری روونکردنـەوەیان لەسـەر پێکهاتەکـەی دابـوو، بـەڵام بـۆ بەدواداچـوونی زیاتر رۆژی (٢٠١٢/٧/١٢) نووسراوێکمان بە ژمارە (٣٤٣) ئاراسـتەکردن، ئـەوانیش دوای ئەنجامدانی پشکنین لەسەر چـوار جـۆری خواردنەوەکـە، رۆژی (٢٠١٢/٧/٢٢) بـە ژمـارە نووسراوی (٢١٢٣) وەڵامی نووسـراوەکەیان دانیـەوەو، لـەدەقی نووسـراوەکەدا هـاتووە: ((خواردنەوەی وایلد تایگەر پاش پشکنینی ئەم جۆرە خواردنەوەیە بۆمان دەرکەوت کـە مـادەی بێهۆشـکەری تیـا نییـە، وە ئـەم نموونەیـە دەگـوونجیٚ لەگـەڵ تایبەتمەنـدی عێراقی)).

بۆیە بە پشتبەستن بەم پشکنینە، لێژنەی باڵای فـەتوای هـەرێمی کوردسـتان روونـی دەکەینەوە، کـە حـوکمی شـەرعی خواردنـەوەی وایلـد تایگـەر حەڵاڵـە، تـا بـەم شـێوەو بەپاکی بمێنێتەوە، باشیو خراپیشی بۆ رای پزیشکی دەگەڕێتەوە.

---

1- لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بەنووسراوی فـەرمی ئـەم خواردنـەوەیان نـارد بـۆ پـشکنین لەتاقیگەی فەرمانگەی تەندروستی هەولێرو، دواتر فەرمانگـەی تەندروسـتی هـەولێر بەنووسـراویان ژمـارە: ٧٩٣٨ لە ٢٠١٠/٧/٦و بە ئیمزای د.خالید علی عبدالله بۆمانیان روون کردەوەو، تەئکیـد کـراوە، کـە (ئـابی جۆ) جۆری (بیت ماڵت) هیچ مادەیەکی کحولی تێدا نییـەو، لەنووسـراوەکەیاندا هـاتووە: (دوای پـشگنینی نموونەی (ئابی جۆ) لەجۆری (بیت ماڵتت) دەرکەوت کە هیچ جۆرە کحولێکی تێـدا نییـە، بـەڵام پێویـستە خواردنو خواردنەوەی کە هاوردەی عێراقو هـەرێمی کوردسـتان بکرێـت بـەگوێرەی تایبەتمەنـدی عیراقـی بێت لەڕووی پێکهاتەی ماددەکانو مێژووی دەرچوونو مێژووی بەسەرچوونی لەسەر بێت).

( ٨ )

# چەند فەتوایەکی تایبەت بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز

لەسەرو بەندی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، ژمارەیەك پرسیار لەلایەن لیژنە فەتوای لقەکانی یەکێتی زانایانو هەندێ لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کرانو، لیژنەی باڵای فەتوای کوردستانیش دوای ئاڵوگۆر کردنی پرسیارەکانو بە سود وەرگرتنی لە ڕای زانایانی فیقهی ئیسلامی لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/١٠ وێرای پێشکەش کردنی پیرۆزبایی هاتنی ئەو مانگە پیرۆزە لە زانایانی ئاینی کوردستانو سەرجەم موسڵمانان، بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

**پرسیاری یەکەم: ئایا حەبی ژێر زمان ڕۆژوو دەشکێنێ بۆئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەیە؟**

**وەڵام:** حەبی ژێر زمان چارەسەری کاتی هەندێ لەنەخۆشی دڵی پێدەکرێت، ئەو حەبە دەخرێتە ژێر زمانەوە، ئەو شوێنە ڕاستەوخۆ وەریدەگرێتو هەڵی دەمژێو پاشان لەڕێگەی خوێنەوە دەڕوات بۆ دڵ، جۆرێك لەئارامی دەبەخشێت بەنەخۆشەکەو دڵی هەندێك باش دەبێت.

دەربارەی شکاندنی ڕۆژو پێی بەگوێرەی بڕیارو ڕاسپاردەی کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی (المجمع الفقه الاسلامي) کە لە ٢٣/صفر:١٤١٨ك لەشاری (جدة) بەسترا فتوا درا: کە حەبی ژێر زمان ڕۆژو ناشکێنێ، چونکە ناچێتە ناو گەدەوە، ئەسڵیش لێرەدا دروستی ڕۆژوەکەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەو حەبانە نەخواردنەوە وەنە لەمانای

خواردنو خواردنەوەشیان هەیە، چونگە ناگەنە گەدە بەهۆی ئەم حەبانەوە هیچ جۆرە هێزو چالاکیەك بۆ لاشە دروست نابێت. بەڵام تێبینی ئەوەندە هەیە: نابێت قوتی بدات دوایی شتێك مایەوە کە نەتوابۆوە تفی بکاتەوە.

**پرسیاری دووەم: ئایا پەمپی ڕبوە (تەنگەنەفەسی) ڕۆژوو ئەشکێنێ یا نا؟**

**وەڵام:** نەخۆشی ڕەبوە (تەنگەنەفەسی) یەکێك لەنەخۆشیە درێژ خایەنەکان، چارەسەری کاتی هەیە لەڕێگەی ئەو پەمپەوە. ئەگەر ئەو کەسانە بەکاری نەهێنن زۆر نزیکە بخنکێنو تیابچن.. هەر بۆیە لەڕەمەزاندا دروستە بەکارهێنانی لەکاتی پێویستیدا. وەك زانایانی سەردەم فتوایان داوە بەوەی کە دروستە بەکارهێنانی پەمپی تەنگە نەفەسی لەکاتی پێویستیدا، فەرمویانە: (بخاخ الربو لايفطر، لانه غاز مضغط يذهب الى الرئة، وليس بطعام ولاماءٍ وهو محتاج اليه في رمضان وغيره، ولا يصل الى المعدة، وانما غاية مافيه انه يفح قنوات التنفس).

پەمپی تەنگە نەفەسی ڕوژو ناشکێنێ، چونکە بریتیە لەگازێکی پاڵ پێوەنراو دەڕوات بۆ بۆری هەناسەو دەیکاتەوە، نەخۆشەکەش پێویستی پێ هەیە، نەخواردن نەخواردنەوە. ناچێتە گەدەوە تەنها بۆری هەناسەدان دەکاتەوەو، ئیمڕۆ فتوای جیهانی ئیسلامی لەسەر ئەو بۆچوونەن.

دیارە ئەمە بۆ کەسێك کە بەم پومپە ڕزگاری دەبێت ئەگەر کەسێك بەوە چارەسەری نەبوو بێجگە لەخواردنی دەرمان بەبەردەوامیو بێ پچڕان، ئەوە مەعزورەو دەتوانێ بەڕۆژو نەبێتو فدیەکەی بدات.

**پرسیاری سێیەم: دەرمانی شۆردنی دەمو ددان (معجون الاسنان) دروستە لەڕەمەزاندا یا نا؟. هەروەها بەکارهێنانی سیواکیش بۆ کەسی بەرۆژوو چۆنە؟**

**وەڵام:** سیواك کردن پێش نیوەرۆ سونەتە لەهەموو کاتێکدا ڕەمەزانو غەیری ڕەمەزان، بەڵام لەڕمەزاندا: هەندێك فەرمویانە کەراهەتی هەیە دوای نیوەڕۆ تا شێوان.

وە ڕای پەسەندی زانایان ئەوەیە کە دروستە بەکارهێنانی سیواك لەهەموو کاتێکدا پێش نیوەڕۆ وە دوای نیوەڕۆ، ئیتر ڕەمەزان بێت یان نە؟

وە سەبارەت بەدەرمانی ددان شۆردن (معجون الاسنان)، ئەوا دروستە بەکارهێنانی فلچەو دەرمانی ددان شۆردن لەڕەمەزاندا.. بەلام پێویستە ئاگادار بێت لەکاتی بەکار هێنانەکەدا دەرمانەکە نەچێتە قوڕگیەوە.

هەر بۆیە پێمان باشە: زیاتر لەشەو پارشێودا بەکار بهێنرێت، ئەمەش لە بابی ئیحتیات.

**پرسیاری چوارەم: بەکارهێنانی دەرزی لەڕەمەزاندا؟**

**وەلام:** بەکارهێنانی هەموو دەرزیەك (الإبرة) لەڕەمەزاندا دروستە، ئیتر لەڕێگەی دەمارەکان (الوريد) بێت یا نا؟ چونکە ئەو دەرزیە نەخواردنو نەخواردنەوەن، هەروەها لەرێگەیەکی کراوە (منفذ مفتوح) نەچۆتە ژورەوە. مەگەر دەرزیەك بێت لەباتی خواردنو خواردنەوە پیێ بدرێت ئەوە دروست نییەو ڕای پەسەند وایە کە ڕوژو دەشکێنێت.

هەندێکی کەمیش لە زانایان فەرمویانە هەتتا دەرزی خۆراکیش رۆژو ناشکێنیێ ئەم بۆچوونەمان پیێ پەسەند نییە.

**پرسیاری پێنجەم: ئایا وەرگرتنی خوێن ڕۆژو دەشکێنێت؟**

**وەلام:** وەرگرتنو دانی خوێن لەڕەمەزاندا ڕۆژو ناشکێنێت بۆ هەر مەبەستێك بێت، بەخشین، یاشیکاری –تحليل– یا هەر مەبەستێکی تر، کەم بێت یا زۆر.

**پرسیاری شەشەم: دروستە ئافرەت دەرمانی بۆ دواخستنی سوڕی مانگانە لەڕەمەزاندا بەکار بهێنیێ؟** ( **حبوب تأخيرالحيض في رمضان** ).

**وەلام:** شتێکی ڕوونو ئاشکرایە خوای گەورە ڕەگەزی مێینەی وا دروست کردووە مانگانە بەسوڕی مانگانەی خۆیدا تێدەپرێت، هەر بۆیە لەو ماوەیەدا ئەو ئافرەتە نەڕوژو دەگرێت نەنوێژ دەکات، بەلام دوای ڕەمەزان ئەبێت ڕوژوەکە بگرێتەوە چونکە لەساڵێکدا مانگێکە.

زۆر ئافرەت پێی خۆشه لەو مانگە پیرۆزەدا دەرمان بخوات بۆ ئەوەی نەکەوێتە سوری مانگانه تا بەگشتی بەڕوژو بێتو دوانەکەوێت، بۆیە ئافرەت هەوڵ دەدات بۆ بەکارهێنانی دەرمان بۆ دواخستنی سوڕی مانگانە، وە بەکارهێنانی دەرمان بۆ دواخستنی سووری مانگانه دروستەو ڕێگە پێدراوە لەلایەن زانایانی فیقهی ئیسلامیەوە، بەڵام پێویسته لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەتیدا ئەو دەرمانە بەکاری بهێنێت تا زیانی لیٚ نەکات توشی گرفت نەبێت لەئایندەدا.

هەرچەندە پێمان باشه ئەو دەرمان بەکار نەهێنێتو لەسەر حاڵەتی سروشتی خۆی چۆنه بڕواتو، ئەوە شتێکە خوای گەورە داینـاوە بیٚ حیکمەت نییەو، زۆر جاریش بەکارهێنانی زۆری ئەو دەرمانانە زیانی خۆی دەبێت دوور یانزیك.

**پرسیاری حەوتەم: فەحصی ئافرەت لەڕەمەزاندا ڕۆژو ئەشکێنێت؟**

**وەڵام:** زانایان لەم بارەوە بوونە دوو بەشەوە، بەلای مەزهەبی ئیمامی شافیعیەوە ڕۆژوی پیٚ ئەشکیٚ بەگوێرەی یاسای (كل شيء دخل من المنافذ المفتوحة مفطر) هەر شتێك لەیەکێك لەو چەند بۆشایی لاشەوە بچێتە ژوورەوە ڕۆژو ئەشکێنیٚ، وە لای مەزهەبی تر نایشکێنیٚ، هەروەها بڕیاری (کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی) لەسەر ئەوەیە.

بۆیە لێژنەی باڵای فەتوا پییٚ باشە ئەوجۆرە فەحسانە لەشەودا بکرێت یان بخرێتە دوای ڕەمەزان.

بەڵام ئەگەر ناچاریش بوو لەسەر کردنی، دکتۆر ئەحمەدی شافیعی لەلێژنەی باڵای فەتوا گوتی: ئەتوانێت لەسەر فەتوای کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامیو مەزهەبەکانی تر ئەنجامی بداتو ڕۆژووەکەی پیٚ ناشکێت.

**پرسیاری هەشتەم: هەندێك وڵات ڕۆژەکانی زۆر درێژنو شەوەکانی زۆر کورتن وەك (نیوزلەنداو وڵاتانی ئەسکەندەنافیا)، کە ڕۆژ لەو وڵاتانە هەندێك جار لە هەژدە کاتژمێرو زیاترە، ئەوانەی لەو وڵاتانە بە ڕۆژوو ئەبن چی بکەن؟**

**وەڵام:** ئاییني پیرۆزی ئیسلام هەمیشە حەرەجو قورسیو تەنگ پێهەڵچنینی لەسەر بەندەکان لادەبات، وەك خوای گەورە دەفەرموویت: (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ)[1].

لێرەدا قورئان فێرمان دەکات، کە خوای مەزنو میهرەبان تەنگیو زێقەتی لەسەر بەندەکان لابردووە، هەروەها ئەو حوکمانەی لەشەریعەتی ئیسلامیش باسیان لێوە کراوە، لەسەر شێوازی گشتی کە خەڵك لەژیانیاندا خوویان پێوە گرتووە بنیات نراونو، نەك لەسەر شتی شازو کەم، بۆیە زانایان دەربارەی بە رۆژوبوونی ئەو وڵاتانە دوو رایان هەیە:

یەکەم: رای زۆرینە لەسەر ئەوەیە، کە بە نزیکترین وڵات حسێب دەکرێت، کە شەوو رۆژیان تێدا عادەتی بێت، ئەوە بەگوێرەی ئەوان بە رۆژوو ئەبنو لەسەر شێوازی ئەوان برۆن.

ڕای دووەم: کە ئەوە زیاتر رای زانایانی سەردەمو فتوای ئەزهەری لەسەرە، ئەوەیە کە دەفەرموویت: (وزمن الصوم: من طلوع الفجر إلى غروب الشمس، ويؤخذ في البلاد التي يتساوي الليل والنهار فيها، أو في حالة طول النهار أحياناً كبلغاريا بتقدير وقت الصوم بحسب أقرب البلاد منها، أو بتوقيت مكة)[2]، کەواتە موسڵمانی رۆژووگر لەو وڵاتانە کە درێژی رۆژیان دەگاتە سەروی هەژدە کاتژمێر، ئازادە بۆ خۆی یەك لەو دوو شێوازە هەڵبژێرێت: یان وەك نزکیترین وڵات لەخۆیانەوە بە رۆژوو بێت، کە رۆژ تێیدا عادەتی بێت. یان بە ئەندازەی ژمارەی کاتژمێرەکانی رۆژەکانی شاری مەکەو مەدینە بەرۆژوو دەبێت.

---

1- سورة الحج/ ٧٨.

2- بروانە: الفقه الإسلامي وأدلّته ٤٩٨/١.

واتە: بەیانییەکەی لەگەڵ ڕۆژی وڵاتی خۆیان دەست پێبکەن، ئینجا بە ئەندازەی ژمارەی کاتژمێرەکانی (مەکەو مەدینە) بەرۆژوو بنو، دواتر ڕۆژووەکەیان بشکێنن.

ئەو رایەی دووەم زیاتر راییێکی پەسەندە لەنێو زانایانی سەردەم، بەوەی کەسی رۆژووگر ئازادە لەنێوان رۆژووی نزیکترین وڵات یان رۆژووی مەکەو مەدینە، بەڵام مەبەست ئەوە نییە لەگەڵ بانگی مەکەو مەدینە بیکاتە بەیانیو ئێوارە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە بەیانییەکەی وەکو وڵاتی خۆی دەست پێ بکات، تا بە ئەندازەی ژمارەی کاتژمێرەکانی مەکەو مەدینە دەڕوات ئینجا رۆژووەکەی بشکێنێت.

**پرسیاری نۆیەم: ئایا کرێکارانو کاسبکارانو ئەوانەی کاری گران دەکەن، دروستە لە رەمەزندا بە رۆژوو بن، یان نا؟**

**وەڵام:** هەر یەك لە کرێکارو جوتیارو دروێنەچیەکانو کارکەرانی خانووبەرەو کێڵگەو باغو کاسبکارانی تر کە ناگونجێ بەشەو کار بکەن، وە بۆ بەخێوکردنی خۆیانو خێزانیان پێویستیان بەو کارە هەیەو، هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتیان نییە، ئیتر ئەو کارانە بۆ کرێ بن یان خوڕایی، واجبە شەو نیەتی ڕۆژووەکە بێنن، کە ڕۆژ بووەوە هەر کاتێك لەناو رۆژووەکەیان بێهێز بوون، ئەوکاتە دەتوانن رۆژووەکەیان بشکێننو، لەکاتێکی تردا رۆژووەکەیان قەزا بکەنەوە، بەمەرجێك بێ رێزی بەرامبەر ئەو مانگە نەکەنو، بە ئاشکرا شت نەخۆنو نەخۆنەوە، دەتوانن هەموو سووننەتەکانی دیکەی رەمەزان بۆ خۆیان بکەن، وەك نوێژی تەراویحو قورئانخوێندن.

هەروەك لە (تحفة المحتاج ونهاية)و حاشیەکانیدا ڕوون کراونەتەوە، ئیبن حەجەر لەکتێبی توحفەدا دەفەرموێت: (ويباح تركه لنحو حصاد، او بناء لنفسه او لِغيره تبرعاً، أو بأجرة وتعذر العمل ليلاً او لم يغنيه فيؤدي لتلفه او نقصه نقصاً لايتغابن به هذا هو الظاهر من كلامهم).

هەروەها (شیروانی) دەفەرموێت: (والظاهر انه يلحق بالحصادين في ذلك سائر أرباب الصنائع المشقة).

**پرسیاری دەیەم: ئایا دروستە نییەتی رۆژووی سوننەت لەگەڵ رۆژووی واجب بهێنی؟**

**وەڵام:** بەلای زۆربەی زانایانەوە دروستە نیەتی رۆژووی سوننەت لەگەڵ واجب بهێنی، بەڵام بەپێچەوانەوە دروست نییە، واتە دروستە رۆژووی واجبی رەمەزان قەزابکەیتەوە، لەهەمان کاتدا نیەتی سوونەتیشت هەبێت، بەڵام ناکرێ نیەتی سوننەت بهێنیتو مەبەستی واجبیشت لە ناخدا هەبێت.

کەواتە دروستە ئافرەتێکی موسڵمان کە رۆژووی مانگی رەمەزانی نەگرتووە لەمانگی شەشەڵاندا رۆژووەکانی قەزا بکاتەوەو خێری شەشەڵانیشی دەگاتێ، هەر بۆیە تەنها شەش رۆژەکەی رەمەزان قەزا دەکاتەوە خێری شەشەڵانیشی بۆ دەنووسرێت، چونکە ئەو شەش رۆژانە کەوتوونەتە ناو ئەو مانگە، ئەوەش بە قیاس کراوە بۆ سەر چوونە ناو مزگەوت، کاتێك کەسێك دەچێتە مزگەوت دوو رکات بە نیەتی واجب یان سوننەت دەکات پێش ئەوەی دابنیشێت، لێرەدا هەم خێری واجبو سوننەتەکەی دەگاتێ، هەمیش خێری سوونەتی مزگەوتی دەگاتێ، چونکە پێش ئەوەی دابنیشێت نوێژەکەی کردووە.

بوجەیریمی لەحاشیەکەیدا دەفەرمووێت: هەرکە لەچوونە مزگەوتدا دوو رکات یان زیاتر نوێژی کرد، خێری نوێژی مزگەوتیشی بۆ حسێب دەکرێت، جا رکاعەتەکان واجب بن یان سوننەت، نیەتی مزگەوتی لەگەڵ هێنا بێت یان نا، لەبەر ئەو فەرموودەی (ئیمامی بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردووە) کە دەفەرمووێت: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە چووە مزگەوت با دانەنیشێت تا دوو رکات دەکات)، وە لەبەر ئەوەی ئامانج ئەوەیە پێش دانیشتن نوێژ بکات، بەمەش نوێژە ئەنجام دراوە.

لەبارەی رۆژووشەوە، ئیمامی سیوتی دەفەرمووێت[1]: ئەگەر کەسێك (بۆ نموونە) لەرۆژی عەرەفە بە رۆژوو بوو بەنیەتی قەزا کردنەوە یان نەزر یان کەفارەت، لەگەڵ ئەوەدا نیەتی سوننەتی عەرەفەشی هێنا، بارزی فەتوای داوە کە رۆژووەکەی دروستەو خێری هەردووکیشی دەگاتێ، بەهەمان شێوە ئەگەر نیەتی سوونەتی موتلەق بهێنێت، ئەمەشی بەسوونەتی مزگەوت بەستۆتەوە.

دەبێ ئەوەش بەبیرتان بێنینەوە، کە دەڵێین خێری شەشەلانیشی دەگاتێ، مەبەستمان ئەوەیە خێری ئەسڵی سوونەتەکەی دەگاتێ، نەك پاداشتی تەواو، (واتە کەسێك لەمانگی شەشەلاَن نیەتی قەزاو شەشەلاَنی هەبێت خێری هەردووکیانی دەگاتێ، بەلاَم خێری ئەو کەسە زیاترە، کە واجبەکەو سوننەتەکە بەجیا بگرێت)، ئیمامی رەمەلی دەفەرمووێت: ئەگەر کەسێك لە شەوال بەرۆژوو بوو بە نیەتی قەزاکردنەوەی رۆژوو یان نەزر یان شتێکی لەو شێوەیە، یان لە عاشورا بە رۆژوو بوو، ئەوەی خێری سوننەتەکەی بۆ دەنووسرێت، هەروەك (باوکیشم) خوای لێ رازی بێت فەتوای پێداوە بەهەمان شێوەی بارزیو ئەسفونیو ناشریو فەقیە عەلی کوڕی سالحی حەزرەمیو چەند زانای دیکە، بەلاَم خێری تەواوی ئەوەی ناگاتێ، کە لەدوای رەمەزانی تەواو شەشەلاَن بگرێت[2]، خوای پاكو بێگەرد باشتر دەزانێت.

---

1- بروانە: (الأشباه والنّظائر، لاپەرە ٢٢).

2- بروانە: کتێبی (نهاية المحتاج ٣/٢٠٨-٢٠٩).

## ( ٩ )

# ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی نوێژی هەینیو جەژنو ڕۆژووی شەشەڵان

لەسەرو بەندی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز، کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بەنوێژی جەژنو شەشەڵان ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کروان، لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٠/٩/٧ لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بۆچوونیان بەرامبەر پرسیارەکان بەم شێوەییەی خوارەوە بوو:

**پرسیاری یەکەم: ئەگەر جەژن کەوتە ڕۆژی هەینی ( جمعە ) ئایا کەجەژن کرا ئەبێت نوێژی هەینیش بکرێت؟**

**وەڵام:** هەرکاتێك جەژنو جومعە کۆبوونەوە لەڕۆژێکدا خەڵکی نوێژی جەژنیان کرد بەکۆمەڵ دەربارەی کردنی نوێژی جومعەکە زانایان لەم بارەوە دوو ڕایان هەیە:

ڕای یەکەم: جەماوەری زانایان لەمالکیەکانو حەنەفیەکانو شافعییەکان هەموویان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی واجبە ئەبێت جومعەکەش بکەن، لەبەر ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- گشتگیری ئەم ئایەتە: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ)[1]، وە ئایەتەکە گشتییە، جیاوازی لەنێوان ڕۆژەکاندا نەکردووە بەهیچ جۆرێك.

---

1- سورة الجمعة:٩.

٢- جەژن‌و جومعە دوو دورشمی جیاوازن هیچیان بری ئەوی تریان ناكەوێت هیچیان بەوی تریان لاناچێت.

٣- ئەوەی پێغەمبەر ( d ) رێگەی داوە كە جومعە نەكرێت، ئەوە تایبەت بووە بەو كەسانە كە لەدەشت‌و لادێكان جەژنیان كردووە پاشان هاتوون بۆ شار ویستویانە بگەڕێنەوە، پێغەمبەر( d ) ڕێگەی داوە كە جومعەكەیان نەكەن.

ڕای دوهەم: ڕای حەنبەلیەكانە، ئەڵێن كە جەژن كەوتە ڕۆژی جومعە ئەتوانن نوێژی جومعە نەكەن.

بەڵگەیان ئەم دوو فەرمودەیە، هەردوكیان لاوازن‌و احتجاج پێیان دروست نییە.

١- روی عن أبي هريرة أنَّ النبی( d ) قال: (قد اجتمع فی يومكم هذا عيداً، فمن شاء أجزأه من الجمعة، وأنا مجمعون)[1].

٢- پرسیار لەزەیدی كوڕی ئەرقەم كرا: (شهدت مع الرسول( d ) عيدين إجتمعا في يوم؟ قال: نعم، قال: كيف صنع؟ قال: صلى العيد ثم رخص في الجمعة، قال: من شاء أن يصلى فليصلى)[2]، بۆیە رای پەسەند ئەوەیە هیچ لە هەردوو وتارەكان وەبەر ئەوەی دیكە ناكەون.

**پرسیاری دووەم: بە پێی ئەوەی ئەمساڵ هەردوو نوێژی هەینی‌و نوێژی جەژن دەكەونە یەك رۆژ، دەنگۆیەك لەناو موسڵمانان بڵاوبۆتەوە، بەوەی تەنها یەكێكیان**

---

1- رواه ابوداود، وابن ماجة وأعله غير واحد من أهل العلم كأحمد والدار قطنى، وسنده ضعيف.

2- رواه البيهقي في السنن الكبرى، ينظر: السنن الكبرى وفي ذيله الجوهر النقي: أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي،مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، الطبعة الأولى- ١٣٤٤هـ، كتاب صلاة العيدين، باب اجْتِمَاعِ الْعِيدَيْنِ بِأَنْ يُوَافِقَ يَوْمُ الْعِيدِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ- رقم الحديث: (٦٥١١): ٣/ ٣٧٠.

**واجبەو، ئەوەی دووەم سووننەتە؟ ئایا رای لیژنەی باڵای فـەتوا لەسـەر ئـەم بابەتـە چۆنە؟**

**وەڵام:** بۆ روونکردنـەوەی ئـەم بابەتـە، زانایـانی فیقهـی ئیـسلامی دوو رایـان هەیـە، راییکیان کە رای ئیمامی ئەحمەدە، پێـی وایـە ئەگـەر کەسـێك بەشـداری نوێـژی جـەژنی کرد، لەسەری واجب نییە بەشداری نوێژی هەینی بکات، بەڵام بـۆی دروسـتەو، دەتـوانێ هەردووکیان ئەنجام بـداتو، خێریـشی پـترە، تـەنها ئیمـام نـەبێت، ئـەو دەبێـت نوێـژی هەینی بکات، تا ئەوانەی بەشداری نوێژی جەژنییان نەکردووە، یان حەز دەکـەن جومعـە بکەن، بتـوانن بەشـداری بکـەن، بـۆ ئەمـەش پـشتی بەکۆمـەڵێك فـەرموودەی پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر بێت) بەستووە.

بەڵام رای جمهوری زانایانی ئیسلام بەتایبەتی هەر سێ مەزەبی (حەنـەفیو شـافیعیو مالیکی) پێیان وایە، بە هیچ شێوەیەك نوێژی جەژن شوێنی نوێـژی هـەینی ناگرێتـەوەو، چـونکە هـەر یـەکێکیان خواپـەرستییەکی سـەربەخۆیە، بۆیـە دەبـێ موسـڵمانان نوێـژی هەینی ئەنجام بدەن، پێشیان وایە ئەو فەرمودانـەی، هاتوونـە، کـە رێگەیانـداوە بـەوەی بەشداری نوێژی هەینی نەکەن، بەشـێوەیەکی گشتی نینـە، بـەڵکو تایبـەتن بـەو گونـدو شوێنە دوورانەی مزگەوتیان نییە، یان وتاری هەینیان نییە، بۆ ئەوان رێگـە دراوە، دوای ئەوەی بەشداری نوێژی جەژنیان کـرد، نوێـژی نیـوەڕۆ بکـەنو بەشـداری نوێـژی هـەینی نەکەن.

بۆیە پێویستە بە هیچ شێوەیەك ئەوە نەکرێتە مایەی دەنگـە دەنـگو فیتنـەو قـسەو قسەلۆكو دروستکردنی رارایيو کێشە نانەوە لەناو موسڵمانان، باشتر وایە موسڵمانان بۆ دەرچوون لە خـیلافـو را جیـاوازی، بەشـداری نوێـژی هـەینی بکـەن، چـونکە ئـەو کـاتی لـەجیاتی پـەناربردن بـۆ روخـسەت، دەسـتگرتنە بـە عەزیمـەتو رۆییـشتنە لەسـەر رای زۆرینەی زانایانی فیقهی ئیسلامی، لەخیلافیش چوونەتە دەر.

**پرسیاری سێیەم: ئایا پێوستە لەشەشەڵان هەر شەش ڕۆژەکە بەدواییەکدا بێت، ڕاستەوخۆ دوای جەژن؟ یا لەناو مانگەکەدا ئەتوانیت شەش ڕۆژەکە بگریت؟**

**وەڵام:** خاوەنی کتێبی مغنی المحتاج لەفیقهی شافیعیدا، ئەفەرموێت: (وتحصل السنة بصومها متفرقة، ولكن تتابعها أفضل عقب العيد مبادرة الى العبادة ، ولما في التأخير من الآفات)[1].

ئەسڵی سونەتەکە جێبەجێ دەبێت، گەر لەناو مانگەکەدا شەش ڕۆژ بەڕۆژوبێت بابەدوای یەکدا نەبێت‌و ڕاستەوخۆش دوای جەژن نەبێت، بەڵام ئەگەر ڕاستەوخۆ دوای جەژن بەڕۆژوبێت بەدوای یەکدا گەورەترو باشترە، چونکە زۆرجار لەدواخستندا ترسی فەوتان هەیە.

**پرسیاری چوارەم: کەسێك لەشەشەڵاندا ڕۆژوی قەرز، یا نەزر بگرێت خێری شەشەڵانی بۆ ئەنوسرێت‌و سونەتەکە دێتە دی؟**

**وەڵام:** خاوەنی کتێبی إعانة الطالبين لە فیقهی ئیمامی شافعی، لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (لم أر من ذكره، والظاهر الحصول)[2]، واتە: نەمدیوە هیچ کەس لەزانایان باسی کردبێت، بەڵام ئەوەی دەردەکەوێت بری دەکەوێت.

---

1- بروانە: مغني المحتاج بەرگی یەکەم، لاپەرە ٤٤٧ .

2- بروانە: اعانة الطالبين: بەرگی دووەم، لاپەرە ٢٦٨.

( ١٠ )

# لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان لەسەر هێنانی دیاری حەجو بەدەل حەج روونکردنەوەیەك بڵاودەکاتەوە

لەسەرو بەندی هاتنی وەرزی حەج، کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بەهێنانی دیاری (حەج)و بەچۆنیەتی ئەنجامدانی (بەدڵ حەج) ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کرۆان، لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١٠/١٠/٢١ لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بۆچوونیان بەرامبەر پرسیارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**یەکەم: دەربارەی دیاری بەخشینەوەی حاجیان**

**دیاری حاجیان کاتێ کە لەسەفەری حەج دەگەڕێنەوە، تاچەندە دروستە هەر کەسێك ئەو سەفەرەی ئەنجامدا دیاری بکڕێتو بداتە هەموو ئەوانی سەردانی دەکەن؟**

**وەڵام:** بۆ ئەوەی وەڵامێکی دروستی ئەم بابەتە بدەینەوە پێویستە سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدەین:

١- ئەصڵ لەدیاریو دیاریداندا رەوابوونەو کارێکی جوانەو سوننەتێکی دروستی موسڵمانانە وەك ئەوەی کە پێغەمبەر( d ) دەفەرموێ: (تهادوا تحابوا، فإن الهدية تذهب وحر الصدر)[1].

---

1- رواه البيهقي والحاكم.

٢- پێغەمبەر ( d ) ئامۆژگاری بڕواداران دەکات کە کەس دیاریەکان نەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: (لاترد الهدية، وأجيبوا الداعي، ولاتضربوا المسلمين)[١].

٣- لەدیاریەکاندا سەیری گەورەیی‌و گرانی‌و بچووکی‌و کەم بەهایی ناکرێت، (لو أهدى اليَّ ذراع لقبلت، ولو دعيت الى كراع لأجبت)[٢].

بۆیە لەمەڕ هێنانی دیاری حاجیان‌و زیادبوونی ئەرکەکانی لەسەر تاکەکان دەڵێین:

١- وەرگرتنی دیاری لە هەموو کاتێکدا ڕەوا نییە هەروەك بەخشینیشی لە هەموو کاتێکدا ڕەوا نییە.

٢- بڕواداران هەر کارێکی ڕەواو دروست ئەنجام دەدەن پێویستە لەسنوری سروشتی دەرنەچێت، هەر ئەوەندە ڕەوایە کە لەسنوری شەرعی دابێت، دەرچوون لەو بازنەیە ئەوکاتە شەرعی بوون لەدەست دەدات! لە فەرموودە هاتووە (لا ضرر ولا ضرار، ولا يحلُّ مال أمرئْ مسلم إلا بطيب من نفسه).

هەرکات گەیشتە زیان لە کەسەکە ئەوکاتە کارەکە ڕەوابوون لەدەست دەدات.. .. (قال ابن القيم: فإن حكمة الشارع اقتضت رفع الضرر عن المكلفين ما أمكن).

٣- خوای گەورە دەفەرموێ: (وما جعل عليكم في الدين من حرج)[٣] هەر شتێك ئەرك‌و حەرەجی دروست کرد لە دین دەردەچێت.

٤- هەر کارێك گەیشتە یەختی‌و گرانی دەبێت ئاسانکاری تیا بکرێت، هەر وەك لەقاعیدەی ئوصولیدا هاتووە: (المشقة تجلب التيسير)[٤].

---

1- رواه أبو يعلى، ينظر: مسند أبي يعلى: أحمد بن علي بن المثنى أبو يعلى الموصلي التميمي، تحقيق: حسين سليم أسد، دار المأمون للتراث- دمشق، الطبعة الأولى، ١٤٠٤هـ-١٩٨٤م: ٢٨٤/٩.

2- رواه الإمام أحمد، ينظر: مسند الإمام أحمد بن حنبل ٤٢٤/٢.

3- سورة الحج / ٧٨.

4- الاشباه والنظائر للسيوطي، ص ١٠.

٦– كاتی زانایانی ئوصوڵی پێناسەی (ضرر) دەكەن دەڵێن: (الضرر الم القلب والضرب يسمى ضررا وكذلك تفويت المنفعة والشتم والاستخفاف –فالضرر خلاف النفع)[1]، هەروەها دەڵێن: (وهو عام في كل حرج وضرار ضرورة كونه نكرة في سياق النفي)[2].

٧– خوای گەورە دەفەرموێ: (يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر)[3]، ئاسانكاری بریتییە لە كەم كردنەوەی ئەركەكانو سەختیەكان.

٨– پێغەمبەر ( d ) دەفەرموێ: (لايؤمن أحدكم حتى يحب لاخيه مايحب لنفسه)[4].

٩– پێغەمبەر ( d ) دەفەرموێ: (هدايا العمال غلول) هەركەسێك كاربەدەستێك بێت دیاریەكان نابێ وەربگرێت لەبەر ئەوەی گومانی براوتن لە دادپەروەری لێ دەكرێت، لێ قەدەغە دەكرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بابەتە رەواكان بەرەهای رەوانابن مەرجی خۆیان هەیە.

١٠– بابەتێكی تر هەیە ئەویش دووركەوتنەوەیە لە ئیسرافو زیادە رۆییە، بەدەقی چەند ئایەتو فەرموودەیەك ئیسراف رەوا نییە، لەوانە:

أ– خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ)[5].

ب– خوای گەورە دەفەرموێ: (وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ)[6].

---

1– الابهاج للسبكي ١٦٦/٣.

2– الاحكام في اصول الاحكام ٣٠/٣.

3– سورة البقرة: ١٨٥.

4– رواه البيهقي، ينظر:كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال: علي بن حسام الدين المتقي الهندي، مؤسسة الرسالة– بيروت ١٩٨٩ م، رقم الحديث: (٩٦)، ٣٨/١.

5– سورة الاسراء: ٢٩.

6– سورة الاعراف: ٣١.

ج– قال الشاطبي: (والحاصل أنَّ التفقه في المباح بالنسبة الى الاسراف وعدمه والنحل على ذلك مطلوب وهو شروط تناول المباح)[1]، هەروەها دەڵێن: (وليس في الاسراف حد يوقف دون فيكون راجعا الى الاجتهاد)[2].

د– زانایان راڤەی (الاسراف) دەکەن بە: (صرف الشيء فيما ينبغي زائدا على ما ينبغي)، بەڵام (تبذير) بە: (صرف الشيء فيما لاينبغي) پێناسە دەکەن.

لەژێر رۆشنایی ئەم بەڵگانە دەگەینە ئەوەی کە ئەم دیاریانەی ئەمڕۆ بەشێوەی کە روودامان سەختیو گرانیو ئەرکی زیادی دروستکردوە لەسەر حاجیان شەرعیەتی خۆی لەدەست داوەو هێنانو کڕینی باش نییە، تەنها پابەند بن بە هەندێ دیاری کەمی بێ ئەرکەوە باشە، بۆیە وەك لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان داوا دەکەین لەسەرجەم حاجیانی بەڕێزی کوردستان خۆیان خەریك نەکەن بە کڕینو هێنانی دیاریو کەلوپەل زیاتر هەوڵ بدەن خەریك بن بە جێبەجێ کردنی ئەرکو واجباتە.

## دووەم: بەدەل حەج

داوا لەسەرجەم موسڵمانانی خۆشەویستی کوردستان دەکەین کە بە هیچ شێوەیەك پارە نەنێرن بۆ ئەوێ، هەر کەسیش پێی خۆشە حەج بۆ مردووەکەی یان نەخۆشەکەی بکرێت با لێرەوە کەسێکی بنێرێت بەتایبەتی، یا لەوێ کەسە لەگەڵ خۆی بێت لە هەموو ئەرکو واجباتەکان.

مەسەلەی (بەدەل حەج) مەسەلەیەکی گرنگو جێگەی بایەخە، بۆیە هەرکەسێ بیەوێ (بەدەل حەج) بنێرێ لەسەری واجبە بەوردی بگەڕێو پرسیار بکا بۆ دۆزینەوەو هەڵبژاردنی کەسێکی خواناسو بڕوا پێکراو، دروست نییە هەروا بە ئاسانی چەند

---

1– الموافقات ١/١٩٢.

2– الموافقات ١/١٢١.

وەرەقەیەك دۆلار بدات بە کۆمپانیایەك یا کەسێك نەیناسیێو لەوەزعی ئاگادار نەبێتو بڵێت: حەجم بۆ بکە لەجیاتی فلانە کەسی خزمم بە ئەوەندە، ئەوە بەو شێوە ئەو حەجە نایەتە دیو جێبەجێ نابێت، فەرزەکەش لەسەر ئەو مردووە یا ئەو نەخۆشە پەککەوتووە لاناچێت.

بەتایبەت ئیمڕۆ لەکوردستانی خۆمان بۆتە دیاردەو عورفێکی خراپ کە کەسانێك پارەی خۆیان ئەنێرن تا لە حیجاز حەج بۆ مردووەکانیان یان نەخۆشەکەیان بکرێ.

زۆربەی ئەم بەدەل حەجانە جێگەی خۆیان ناگرن لەبەر ئەوەی تۆ بە هیچ شێوەیەك ئاگادارنیت لەوەی ئاخۆ ئەو کەسە جێگەی متمانەو بڕوا پێ کردنە یان نا؟ کارەکان جێبەجێ ئەکات یان نا؟ ئایا پارەی لەچەند کەسانی تری وەك تۆ وەرنەگرتووە؟

ئایا ئەو نووسینگە کارەکە بەباشی ئەنجام ئەدات؟ لە هەموو ئەمانە تۆ هیچی لێ نازانیت بێجگە لەوەی نەبێت کە دوای حەج وەرەقەیەکت ئەدەنێ کە ئەم فلانە کەسە لە باتی فلانە کەس حەجی بەجێ گەیاند، ئایە لەواقیعیشدا وابوو؟ دیار نییە.

هەروەها حکومەتی سعودیەش ئێستا زۆربەی ئەو نوسینگانەی داخستونو قەدەغەی کردوون.

بۆیە ئێمە وەك لیژنەی فەتوا: داوا لەسەرجەم موسڵمانانی خۆشەویستی کوردستان دەکەین کە بە هیچ شێوەیەك پارە نەنێرن بۆ ئەوێ، هەر کەسیش پێی خۆشە حەج بۆ مردووەکەی یان نەخۆشەکەی بکرێت با لێرەوە کەسێکی بنێرێت بەتایبەتی، یا لەوێ کەسە لەگەڵ خۆی بێت لە هەموو ئەرکو واجباتەکان.

هەروەها داوا لە مورشیدە بەڕێزەکانو متعهدە بەڕێزەکانیش ئەکەین بە هیچ جۆرێك رێگەی ئەم جۆرە کارانە نەدەن، کە بە فیڕۆدانی بەشێکی زۆری سامانی وڵاتەکەمانی تیایەو! زۆربەی ئەو حەجانەش کە بەو شێوە ئەکرنو ئەنجام ئەدرێت شوێنی خۆی ناگرێت مەرجی تەواوی شەرعیان تێدا نییە.

## ( ١١ )

# حوکمی گۆشتی بەستراوی هاوردە

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه والتابعين ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين، أما بعد:

رۆژی ٢٠١٠/١٠/١٩ کۆمەڵێك کاسبکارانی سلێمانی ئەم پرسیارەی خوارەوەیان ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان کرد: ئێمە لەشاری سلێمانی گۆشتی بەستوی هیندی کە هی گامێشە وەلەسەر رێگەی شەریعەت سەر دەبڕدرێت، کڕین و فرۆشتنی لەسەر دەکەین بە قاچاخ، چونکە ئەم گۆشتە قەدەغەکراوە بەبڕیاری لیژنەی تەندروستی بەهۆی ئەوەی لە (تاقیگە)دا لە پشکنین دەرنەچووە، جا ئایا کڕین و فرۆشتنی ئەم گۆشتە حەڵاڵە یان حەڕام؟

دوای باس و لێکۆڵینەوە لەلایەن لیژنە بەم شێوەی خوارەوە بڕیاردرا:

هەر گۆشتێك کە هاوردەی کوردستان دەکرێت بەم مەرجانەی خوارەوە حەڵاڵە:

١- بزانرێت کە ئەو گۆشتە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەیە کە لەئایینی ئیسلام حەڵاڵن.

٢- سەربڕدرابێت لەسەر ڕێگەی شەریعەتی ئیسلام، یا بەلای کەمەوە لەسەری نووسرابێت لەسەر ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام سەربڕاوە.

٣- ڕێگە پێدراوبێت لەژێر ڕێنومایی وەزارەتی تەندروستی و دەرچوونی لەتاقیگەی پزیشکی.

( ١٢ )

# لیژنەی باڵای فەتوا چەند فەتوایەك تایبەت بە هاتووچۆ دەردەكات

بەهۆی ئەوەی کە قوربانیانی هاتووچۆ رۆژ بەڕۆژ لەزیاد بوون دایەو، رۆژانە چەندین کارەساتی جۆراوجۆر لەشەقامەکان روودەدەن، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بەپێویستی زانی کە حوکمی شەرعی لەسەر ئەم پرسە بخاتەڕوو، بۆیە لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١١/٦/٥ لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ئەم فەتواییەی خوارەوەی بۆ برا شوفێرەکان ڕاگەیاند:

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين، وعلى آله وأصحابه أجمعين

**پرسیاری یەکەم: هێماکانی هاتووچۆ (إشارات المرور) ڕەچاوکردنی پرنسیپەکانی لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامییەوە؟**

**وەڵام:** رێگەوبانە گشتییەکان مافی هەموو خەڵکی پێوەیە، بۆ ئەم مەبەستەش یاساکانی ئیسلام زۆر بەوردی ڕەنگرێژی کردووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رێگەوبان‌و شەقام‌و کۆڵان‌و کوچەکان.

زانایانی فیقهی ئیسلامی ئەفەرموون:

ڕێگە: —الطريق— بە هەموو ئەو ڕێگە کراوانە ئەگوترێت کە تایبەت کراوە بە هاتووچۆی خەڵك‌و گیانداران‌و ئوتومبێلەکان جا لەئاوەدانیدا بێت یا لەبیابان‌و دەشت‌و کێوو چۆڵەوانی.

لەیاسای ڕێگاوبانیشدا دەڵێ: هەموو ئەو ڕێگاکراوانەی کە بۆ گواستنەوەو ڕاکێشان‌و باربەری‌و پیادە ڕوو گیانداران دانراوە دەچێتە بازنەی شەقامی گشتییەوە.

## هێماکانی هاتووچۆ:

لەئیسلامدا ڕێکخستن‌و جوانکاری کارێکی داواکراوو پێویستیەکی ژیانێکی پڕ بەهایە، بۆ ئەم مەبەستە لە گچکەترین هەنگاوەوە تا گەورەترین هەنگاو داوای ڕێکخستن‌و جوانکاری دەکات، ئەوەتە یەکێك لەنزاکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان داوای جوانکارییە وەك ئەفەرموێ: ((اللّهم أحسنت خلقي فأحسن خلقي)) خوایە گیان جوان دروستت کردووم، هەرواش ئاکارم جوان‌و ڕازاوە بکە. لەم سۆنگەوە دانانی هێماکانی هاتووچۆ یەکێکە لە شتە جوان‌و بەهاکانی کارو ڕەوشی ڕۆیشتن‌و هاتووچۆ.

خوای گەورە ئەفەرموێت: (وعباد الرحمن الذين يمشون على الأرض هوناً)[1]، بەندەکانی خوا بەنەرم‌و نیانی‌و جوانی سەر زەویدا دەڕۆن، ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لەئاکارو مامەڵەی ڕۆیشتنی تاك‌و گۆمەڵگایە لەڕێگەوبان بەتەواوی واتاکانی جوانی‌و جوانکاریمان فێر دەکات.

هەروەها لەفەرموودەی پێغەمبەر ( d ) کە باس لەمافەکانی ڕێگەوبان ئەکات یەکێك لەوانە: كفّ الأذى، نەهێشتنی هەر شتێکە زیان بگەیەنێ بەهەر زیندەوەرێ.

بۆیە دانانی هەموو نیشانە هێماکانی هاتووچۆ ڕێنمایی بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان دەچێتە ئەم بازنەیەو پێویستە گرنگی‌و بایەخی پێ بدرێت.

ڕەچاوکردنی ئەو هێمایانەی کە دادەنرێن وەك یاساو سیستەمی هاتووچۆ بۆ بەرگرتن لەڕوودانی کارەسات‌و ڕێکخستنی ڕەوشی هاتووچۆ بەسەر ڕێگا گشتی‌و تایبەتیەکان لەڕوانگەی فیقهی ئیسلامی وە کارێکی تەندروست‌و جوان‌و بەپێویستیەکی

---

1- سورة الفرقان/ ٦٣.

هەنوکەیی ژیان دادەنرێن هەنگاوێکی دروستو ڕەواو پەسەندەو ئەرکی بەپرسانی وڵاتـە بایەخو گرنگی تایبەتی پێ بدەن، بەدواداچوونی لەسـەر ئـەنجام بـدەن سەرپێـچیکەرانی توشی سزای یاسایی بکەنەوە بێ جیاوازی لەنێوان کەسو کەسێکی تردا.

– قورئـانی پـیرۆز: (واقـصد في مـشيك)[1]، دەسـتەواژەکە لەسـەر زاری حـەزرەتی لقمانەوە بۆ کوڕەکەی وتراوە، فێـری دەکـات ئـەبێ لەڕێگاوبانـدا لەسـەرخۆوییانە ڕەوانـە بـڕوات، واتــە: نــەزۆر خێــرا، نــەزۆر خــاویش، چــونکە وشــەی (واقــصد) ئــەم واتایــە هەڵدەگرێ[2].

کەوابو فەرمانی قورئانیمان هەیە کە نابێ ڕۆیـشتن زۆر خێرابـێ، هـەروەك نابێـت زۆر هێواشیش بێت ئەوانەی دوای خۆی هەراسان بکات، وە یا ئەفـەرمووێ: (وعبـاد الـرحمن يمشون على الارض هونا)[3].

زانایان ئەفەرمون: ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتی پێشوو وەك تەفـسیری یـەکتری دەچـن، واتە باس لەچۆنیەتی ڕۆیشتنەو مافی ڕێگاو پاراستنی هەموو ئەو سنورەیە کـە دانـراون. بۆیە فڕکان فڕکانو پێشکەوتنی نابەجێو خێراکردنو هۆرینی بەرزو چەندها شێوازی تـر دەچنە ناو بازنەی ناشیرینو ناپەسندەکانی سەر ڕێگە[4].

ڕێگاوبان مافی گشتیە پاراستنی ئەو مافانەش ئەرکی هەمووانە، وەك بێغەمبەر( d ) ئامـاژەی پێکـردووە: (أعطـوا الطريـق حقـه)[5]، ئـەبێت هـەموو ڕێگاکـان مـافی خۆیـان بدرێتێ، وە ماف دانی ڕێگاش بەپاراستنی گیانی خەڵكو هاوڵاتیانە.

---

1– سورة لقمان / ١٩.

2– سةيرى أحكام القران للجصاص (٢١٢/٥) وأحكام القران إبن عربى بكة.

3– سورة الفرقان/ ٦٣.

4– الموافقات: ٢١٧/٣.

5– رواه البخاري، ينظر:الجامع الصحيح المختصر، رقم الحديث: (٥٨٧٥)، ٢٣٠٠/٥.

ئۆتۆمبێل یەکێکە لەنیعمەتەکانی ژیانو ئامرازی ئاسانکاری بەڕێوەبردنو ئەنجامدانی جولەیە، خوای گەورەش وامان فێر دەکات کە ئەبێت نیعمەتەکانی بەشێوەیەك بەکار بهێنرێ لەسنوری شەرعی دەرنەچێت، پێمان ئەڵێت لەکاتی سەرکەوتنی سەیارەدا بڵێن: (سبحان الذى سخر لنا هذا وما كنا لە مقرنين)[1]، خۆ سوپاس کردنی هەر نیعمەتێك لەجوان بەکار هێنانی دایە، ئەبێت بەشێوەی یەك بێت سەرنەکێشی بۆ ئازاردانو تێك دانی ئارامی، گەر وای لێ هات قەدەغە دەکرێت.

ئیمامی شاطبی ئەفەرموێ: ((إنَّ المباحات إنَّما وصفها الشارع للإنتفاع بها على وقف المصالح على الإطلاق، بحيث لا تقدح في دنيا ولا في دين))[2].

کەواتە حەڵاڵ کراوەکان بۆ ئەوەیە ببنە هۆکاری سوود گەیاندن نەك زیان گەیاندن، ڕەوایەتیان تا ئەو سنورەیە ببنە هۆکاری فەراهەم هێنانی بەرژەوەندی.

زانایانی فقهی ئیسلامی چەند یاسایەکی ئوصولی دەکەنە بەڵگە لەوانە:

أ- لاضرر ولا ضرار: زیان دان زیان گەیاندن قەدەغەیە لەئیسلامدا، بۆ هەموو کارەکان جولەو هاتووچۆیەك.

ب- یاسای: (المرور في طريق المسلمين مباح مقيد بشرط السلامة فيما يمكن الإحتراز عنه)[3]، ڕۆیشتن لەڕێگەوباندا ڕەوایە بەلاَم پەیوەستە بەمەرجی سەلامەتی لەو شتانەی کە دەتوانرێ خۆی لێ دوور بگرێ، لەمەزهەبی پێشەوا شافعیدا یاسایەکی لەم جۆرە هەیە ئەفەرمووێ: (الإرتفاق بالطريق مشروط بسلامة العاقبة)[4]، کەواتە: (ئەگەر کەسێك لەڕێگەیـــەوە دەڕۆیشت هیچ حیسابێکی بۆ هەموو داواکاریو مافو ڕێنماییانە نەکردوە

---

1- سورة الزخرف/ ١٣.

2- الموافقات: ٢١٧/٣.

3- الهدية شرح البداية (٣٢٦/١٠) ومجمع الأنهر (٦٥٩/٢).

4- مغنى المحتاج ٢٠٥/٤.

توشی کارەسات هات دەبێتە بەرپرسیارو دەکرێ مافی ڕۆیشتنی لێ وەرگیرێتەوە)[1].

ئیبنولقەیم ئەفەرموێت: شەریعەتی ئیسلام بنەماکانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی مرۆڤەکان دامەزراوە چ بەرژەوەندی ژیان، یا دوارۆژ بۆیە هەرشتێك مرۆڤ لەبەرژەوەندی دەربچێنی لەشەرعیش دەردەچێ، (كل مسألة خرجت عن العدل إلى الجور، وعن الرحمة إلى ضدها، وعن المصلحة إلى المفسدة وعن الحكمة إلى البعث فليست من الشريعة)[2].

یاسایی: العادة محكمة: بەڵگەیەکی تره لەسەر گوێ ڕایەڵی کردن بۆ هەموو ئەو ڕێنماییانەی کە خزمەت بە ژیان دەکەن گیانی مرۆڤەکان دەپارێزی هەر نەریتێ یان یان ئاداب و ڕەوشێ بۆ خزمەت بە خەڵك بێت دەبێ کاری پێبکرێ، لەسۆنگەی ئەم بەڵگەنامەی کە باسمان کرد ئەتوانین بڵێین:

ڕەچاو کردنی هێماکانی هاتوچۆ لە هەموو شوێنەکاندا کارێکی پێویستەو بۆ بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگەیە. یاساکانی ئیسلام داوای جێبەجێ کردنی دەکات هەر کەم و تەرخەمیەك لەو بارەوە بکرێت تاکەکان لێ بەرپرسیارن، گوناهبار ئەبن چونکە پێویستییەکی ئیمڕۆی ژیانی کۆمەڵگەیە بەرژەوەندیەکی یەکجار گەورەی تێدایە.

بۆیە لێژنەی باڵای فتوای هەرێمی کوردستان داوا لە هەموو ئەو شوفێرە بەڕێزانە دەکەین کە پابەند بن بە هەموو داواو ڕێنمایی و هێماکانی سیستەمی هاتووچۆو، وە هەر کەمتەرخەمی و لادان و سەرپێچیەك لەو سیستەمە بەرپرسیاریەتی یاساو پاشە ڕۆژی تێدایەو دەچێتە بازنەی گوناهو تاوانەوەو، ئەبێت مرۆڤی باوەڕدار خۆی لێ بپارێزێ، گەر خوا نەخواستە کەسێکیش بەدەستی بڕوات ئەوا بە (قتل) لەسەری ئەنوسرێ مادام ڕەچاوی ئەو سیستەمەی هاتووچۆی نەکردووە.

---

1- بدائع الصنائع للكاساني (١٦٩/٧).

2- إعلام الموقعين (٣/٣).

## ( ١٣ )

# چەند فەتوایەکی پەیوەست بە زەکات

دوایی ئەوەی کە چەند پرسیارێکی جۆراو جۆری تایبەت بە (زەکات) ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کرابوون،و دوایی دیراسەت کردنی پرسیارەکان لەلایەن ئەندامانی لیژنە، لەدانیشتنی رۆژی ٢٠١١/٨/١٠ لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بەم شێوەییەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:

**پرسیاری یەکەم: ئایا لەڕووی شەرعیەوە دروستە زەکات بدەیتە گەنجێك بۆ ئەوەی ژن بهێنی؟**

**وەڵام:** ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەروەك گرنگی داوە بەلایەنی خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و بژێوییەکانی دیکە لەژیانی مرۆڤدا، بەهەمان شێوە بایەخی بەلایەنی ئارەزوو حەزو ویستە دەروونییەکانیش داوە.

هەروەها ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەك بەرگری لەژیانی رەبەندی (التّبتّل) کردووە، لەولاشەوە بانگەشەی بۆ ژیانی هاوسەرگیری کردووە، وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان دەفەرموێت: (من استطاع منكم الباءة فليتزوَج)[1]، بۆیە زانایان فەرموویانە: (إنّ من تمام الكفاية ما يأخذه ليتزوّج به إذا لم تكن له زوجةٌ، واحتاج للنّكاح)[2].

واتە: (بێگومان یەکێکە لەو شتانەی هەژار پێویستی و کیفایەتی پێ دەدرێت لەزەکاتدا، ئەوەی کە ژنی نەبێت و پێویستی بە ژن بێت، پێویستی ژنهێنانیشی پێ

---

1- رواه البخاري.

2- (حاشية الرّوض المربع ١/٤٠٠).

دەدریت. وە خەلیفەی پێنجەم عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەیفەرموو: (من ينادي في الناس كلّ يومٍ: أين المساكين؟ أين الغارمون؟ أين النّاكحون؟)[1].

واتە: لەناو خەڵکیدا بانگەوازی دەکرد: لەکوێن هەژارەکان؟ لەکوێن قەرزارەکان؟ لەکوێن ئەوانەی ئەویانەوێ ژن بهێنن، تا هاوکاری بکرێن لە (بيت المالو زەکاتدا).

بەپێی هەموو ئەو بەڵگانەوە دەردەکەوێت: ((گەنجێك، کە توانای مادی نییەو دەست کورتەو پێویستی بە ژیانی هاوسەرگیری هەیە، دروستە ئەوەندە زەکاتی پێ بدرێت، کە بتوانێ بەتەواوی کاروباری ژنهێنانەکەی پێ ئەنجام بدات بەمەرجێك لەسنووری عورف دەرنەچێت))[2].

## پرسیاری دووەم: ئایا لەڕووی شەرعیەوە دروستە زەکات بدرێت بە مزگەوت؟

**وەڵام:** رای هەر چوار مەزەبەکە لەسەر ئەوەیە، کە دروست نییە زەکات بدرێت بەمزگەوت، هەروەك دکتۆر یوسف قەرەزاوی باسی کردووە: (ما اتّفق عليه المذاهب الأربعة في هذا المصرف: عدم جواز صرف الزّكاة في جهات الخير والإصلاح العامّة من بناء السّدود والقناطر، وإنشاء المساجد، والمدارس، وإصلاح الطّرق، وتكفين الموتي)[3].

هەر چوار مەزەبەکە یەك ڕان، کە دروست نییە زەکات بدرێت بەلایەنی خێرخوازیو چاکسازی گشتی لەدروستکردنی بەندەرو پردو مزگەوتو قوتابخانەو چاککردنی ڕێگاوبانو کفنکردنی مردووان).

بۆیی ئەرکی ئەم شتانە بەپلەی یەکەم لەسەر دەوڵەتە، پاشان لەسەر موسڵمانان، بۆیە نابێت زەکات بۆ ئەم شتانە صەرف بکرێت.

---

1- (البداية والنّهاية لابن كثير ٩/٢٠٠).

2- فقة الزّكاة- ٣٨٥.

3- بڕوانە: (فقة الزّكاة/٤٣٥).

**پرسیاری سێیەم: ئایا زەکات لە پارەی پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری و کشتوکاڵ دەکەوێت؟**

**وەڵام:** نەخێر ئەوانە زەکاتیان تێدا نییە، چونکە ئەو پارانە بۆ دانانی ماڵو بازرگانی نییە، هەروەها بەپێی مەزەبی حەنەفی و رای دووەمی ئیمامی نەوەوی لە ئەندازەی پارەی قەرز زەکات نییە[1].

**پرسیاری چوارەم: ماوەی چەند ساڵێکە هاوڵاتیان وەك هاوکارییەك لەنێو خۆیان مانگانە پارە کۆدەکەنەوەو هەر جارەو بۆ یەکێکیان دەبێت، کە ناسراو بە (قورعە) ئایا ئەم قورعەیە زەکاتی تێدایە؟**

**وەڵام:** ئەو پارەیە، ئەگەر هەر مانگەو بۆ یەکێکیان بێتو ئەویش دوای وەرگرتنی خەرجی بکات زەکات لە هیچیان ناکەویت، بەڵام ئەگەر وەری بگرنو هەر یەکەو لەماڵی خۆی دابنێتو ئەو دوازدە مانگە ئەوانە هیچیان خەرجی نەکەنو، بگاتە حەدی نصاب کە بە (٥,٥٠٠,٠٠٠) دینار مەزەندە کراوە، زەکاتی تێدا دەکەوێت، یان بیباتە ماڵەوەو لەگەڵ پارەی ماڵەوە کە ئەندازەی زەکاتەو ساڵی بەسەردا سووڕاوەتەوە، تێکەڵ بکات، زەکاتی تێدایە، یان کەسێك قورعەی وەربگرێت، قورعەکەی بگاتە ئەندازەی زەکاتو بۆ ماوەی دوازدە مانگی (قەمەری) لەماڵەوەی دابنێت، ئەو کات زەکاتی تێدایە.

1- (مغني المحتاج ٤١١/١).

## ( ١٤ )

# حوکمی فەرش و رایەخی کۆنی مزگەوتەکان

**پرسیار: ئایا دروستە ئەو فەرش و کومبارە زیادانەی لەمزگەوتەکانن و پێویستی پێ نەماوە بدرێتە کوردە ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**وەڵام:** لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان، دوایی تاوتوێ کردنی بابەتەکە، لەکۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٣/٢/١٩ بەڕای زۆرینەی ئەندامەکانی ئەم فەتواییەی خوارەوەی دەرکرد:

ڕای زانایانی فیقهی ئیسلامی وایە ئەو فەرشانە وەقف ئەکرێن لەسەر مزگەوتێکی دیاری کرا، ئەگەر ئەو مزگەوتە پێویستی پێ نەما دروستە بۆ سەرپەرشتیار (المتولی) لایان بدات و بیان گوێزێتەوە بۆ مزگەوتێکی تر کە پێویستی پێ هەبێ، بەڵام دروست نییە بیانفرۆشی بە هیچ جۆرێ.

ئەمەش کاتێك وایە کە ئەو فەرشانە وەقف کرابن بەوەقفێکی سەحیح و تەواوو هەموو مەرجەکانی وەقفی تیادا هاتبێتە جێ، کە یەکێك لەو مەرجانە ئەوەیە واقف بەزمانی خۆی وتبێتی: ئەم وەقفە بۆ ئەم مزگەوتە.

بەڵام گەر بەم شێوە نەبوو، (کڕا) بوو یان (بەخشراو) هەدیە کرا بوو بەمزگەوت، بەبێ ناو هێنانی وشەی وەقف کە ئێستا عادەتی زۆربەی هەر زۆری خێرخوازان بەم شێوەیە، ئەوا فەرشەکە ئەبێتە موڵکی مزگەوت، بەڵام نابێتە وەقفێك کە تەسەڕوف تیایا دروست نەبێت، بەڵکو دروستە بۆ متولی و سەرپەرشتیاری مزگەوتەکە تەسەڕوف تیا بکات بەو شێوەی بەرژەوەندی تیایە، چ بە فرۆشتن، یان بەگۆڕین، یان بەهەر شتێکی تر..

بەتایبــەتی لەمەزهــەبی حەنبەلیــەدا کــە فــەتوایان داوە کــە: دروســتە ئــەو فــەرش‌و کومبارو حەسیرو شــتەکانی زیــادەن لەمزگــەوت بدرێتــە مزگــەوتێکی تــر یــان هــەژاران‌و، لەکتێبی (المغني والشرح الكبير لإبـن قدامـة المقدسـي) هـاتووە: (مـسألة ومـا فـضل مـن حصره وزيته عن حاجته جاز صرفه الي مسجد آخر، والصدقة به علي فقراء المسلمين)،و رون‌و ئاشــکرایە مەزهــەبی ئیمــام ئەحمــەد مەزهــەبێکی حــەق‌و ڕاســتە لای گــشت موسڵمانان.. دروستە تەقلیدی بکەین.

بۆیە ڕای لیژنەی باڵای فتـوا لەهـەرێمی کوردسـتان وایـە: ئـەو فەرشـە زیادانـەی کـە ئێستا مزگەوتەکانی کوردستان پێویستیان پێیان نەماوە لەلایـەن وەزارەتـی ئەوقافـەوە بدرێتە هـەژاران‌و، بەتایبـەتی کـوردە پەنابـەرە ئاوارەکـانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان، کـە ئێستا بێ لانەو خانەو بێ جێگەن‌و لەشوێن‌و زێدی خۆیان دەرچوون بەناچـاری ئـاوارەی وڵاتان‌و هەرێمی کوردستان بوون.

## ( ١٥ )

# حوكمی كەل و پەلی ماوە بەسەرچوو ( ئیكسپایەر )

**پرسیار: ئایا حوكمی كەلوپەلی ماوە بەسەرچوو ( ئیكسپایەر ) چیە؟**

**وەڵام:** پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێكی موسڵمانو خاوەن هەستو ویژدان سوربێت لەسەر سەلامەتیو پاراستنی گیانی موسڵمانان، وەخۆی دووربگرێت لەهەرشتێك زیان بە تەندروستی یان بگەیەنێ، لەم سونگەوە ئەو شمەكانەی كە بەسەرچوونو كاتیان تێپەڕیوە لەكۆگاو دوكانەكاندا ئەفرۆشرێن..

لەڕووی شەرعییەوە رێگە پێدراو نینو فرۆشتنیان حەرامو نا دروستە، ئەچیتە ریزی گزیو غەشو فێڵ.. پێغەمبەری خۆشەویستمان (سەلامی خوای لەسەربێت) فەرموویەتی: (من غش فليس مني)[1] ، هەركەس غەشو گزیو كاری فێڵ بكات لە من نییە.

هەر فرۆشیاریو یان بازرگانێ ئەو شمەكە یان خۆراكە ماوەبەسەرچووە بەهاوڵاتی ساغ بكاتەوە گوناهەو حەرامە.. فرۆشتنیشی حەرامە چونكە زیان ئەگەیەنێت لەئایندەدا نزیك یان دوورو، پێغەمبەریش (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (لا ضرر ولا ضرار)[2].

ئەگەر شمەكو خۆراكە بەسەرچووانە بوونە هۆی مردنو تیاچوونی كەسێكو پاشان لەڕووی پزیشكیەوەش دەركەوت بەتەواوی كە ئەو مردنە هۆكارەكەی ئەو خۆراكە

---

1- رواه مسلم.

2- رواه ابن ماجة.

بەسەرچـووانەبووە، فرۆشـیاریش بـەم شـتەی ئـەزانیو چـاوی لـیٚ پۆشـیبوو.. ئـەوە بەسەرپێچی کار (متعدی) دائەنرێت، سەرپێچیش هۆکـارە بـۆ زەمانەتـدا هـەروەك چـۆن یـەکێك بـەردێك لەڕێگەیـەکی گـشتی دابنێـت ببێتـە هـۆی زیـانو تێـچونی کەسـێك زامـن ئەبێت، خوێنی ئەو کەسەی ئەکەوێتە سەر کە بیدات بەواریسانی بێجگە لەکەفارەتی دوو مانگ بەرۆژو بوونیش.

هــەروەکو فــەتوای (خانــەی فــەتوای ئــوردنی) ئامــاژەی بــەم مەســەلەیە داوەو، لەفواتەکەیاندا هاتووە: (فان أدي أكل هذه المواد الفاسـدة الى مـوت الآكـل، وكـان البـائع عالماً بالخطر، والآكل غير عالم به، فإنّ على البائع الدية والكفارة مسبب).

– وە کاربەدەستی وەختی ئەتوانی سزایەکی توندوتۆڵ دابنێت لەسەر ئەو کەسـانەی سەرپێی ئەکەنو کڕینو فرۆشتن بەم جۆرە خۆراکە بەسەرچوانە ئەکەن.

– هەروەها دروستو ڕێگە پێدراوە کاتێك دەرکـەوت کەسـێك مامەڵـە بـەم دەرمـانو خۆراکە بەسەرچووانەوە ئەکات، هاوڵاتیان ڕاستەوخۆ لایەنی پەیوەندیداری لێوە ئاگـادار بکات.. لەبابی فەرمان بەچاکەو بەرگری لە خراپە.

بۆیە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان ڕایدەگەینێت بـۆ سـەرجەم هاوڵاتیـانی کوردستان کە:

(بـەهیچ شـێوەیەك لـەڕووی شـەرعیەوە دروسـت نییـە خـۆراكو کەلوپـەلی مـاوە بەسەرچوو بفرۆشرێتو مامەڵەی پیٚ بکرێتو، هەر هاوڵاتیەکیش هەستی بەو حاڵەتە کرد لە هەر شوێنێك بێت ئەوا پێویستە لایەنی پەیوەنداری لیٚ ئاگادار بکاتەوە).

# ( ١٦ )

# چەند فەتوایەكی تایبەت بە ماڵی ناكامەكان ( القاصرین )

**پرسیاری یەكەم: دوای كشانەوەی دامودەزگاكانی حكومەتی عیراقی ئەو بڕە پارەی ناكامەكان –القاصرین- كە لەساڵی ١٩٩١ پاش ئەوەی حكومەتی بەغدا ئیدارەی كشاندۆتەوە لەهەرێمی كوردستان هەموو پارەی بانكەكانی هەرێمی لەگەڵ خۆیدا بردووە، وە پارەی چاودێری ناكامەكانی هەولێر بە بڕی ( ١٦,٨٠٠,٠٠٠ ) شانزە ملیۆن و هەشت سەد دینار چاپی سویسری لەگەڵ دابووە، ئەم بڕە پارەیە بۆ كاتی خۆی زۆر بووە، بەئاڵتون ( ٣٦٢٨٥ ) سی و شەش هەزارو دووسەدو هەشتاو پێنج میثقال زێڕی كردووە، بەڵام بە پارەی ئیمڕۆ ( ٥٨ ) پەنجاو هەشت میسقاڵ زێڕ ئەكات، ئایا بەنرخی زێڕی ساڵی ١٩٩١ بێت یان بەنرخی زێڕی ئیمڕۆ..؟**

**وەڵام:** لیژنەی باڵای فەتوا لەهەرێمی كوردستان پاش لێكۆڵینەوە لەم بابەتە هەستیارە بەتێكڕای دەنگ لەكۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٣/٢/١٢، ڕایان وایە: (ئەبێت حكومەتی عێراق نرخی ئاڵتونی ساڵی ١٩٩١ بگێڕێتەوە بۆ ئەو ناكامانە).

حكومەتی ئەو كاتەی عیراق لەم كارەدا بە (غاصب) دائەنرێت، ئەوەی پێویستە لەسەر غاصب گێڕانەوەی ئەو ماڵە داگیركراوەیە یەكسەر گەر مابوو، یان هاو وێنەی گەر نەمابوو، بەڵام میری بەرگری لەگێڕانەوەی ئەم كارە كردووە لەكاتی خۆیدا، تا دیناری عیراقی سویسری ڕەواجی نەماو گۆڕا بەم پارە چاپە نوێیە، بۆیە پێویستە لەسەر

حکومەتی عیراقی نرخی ئاڵتونی ئەوکاتە بەتایبەتی بەرزترین نرخی ئاڵتون تاگۆڕینی پارەکە (أقصى القيّم من وقت الغصب الي تعذر المثل) بگێڕینەوە.

وە پێویستە لەسەر کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دواداچوونی ورد بۆ ئەم کارە بکەنو داوا لەحکومەتی عیراقی بکەن بەگێڕانەوەی پارەو پولی ئەو ناکامانە بەنرخی زێڕی ساڵانی ١٩٩١.

لای ئبینو عابدینی حەنەفی فتوای لەسەر ئەم ڕایەیەو بەفەتوای حەنەفییەکانی داناوە:

(يجب على المدين أن يؤدي قيمة النقد الذي طرأ عليه الغلاء، أو الرخص يوم ثبوته في الذمة من نقد رائج، ففي البيع تجب القيمة يوم العقد، وفي القرض يوم القبض والى هذا ذهب أبو يوسف، وعليه الفتوي عند الحنفية).

وە لای هەندێ لە (مالكييەكان): ئەگەر گۆڕانو دابەزینی نرخی دراوەکە کەم بوو إعتبار بەو دابەزینە ناکرێت هەر گێڕانەوەی هاوێنەیە (رد المثل) بەڵام گەر گۆڕانەکە زۆر بوو ئەوە پێویستە قیمەتی ئەو ڕۆژەی (ان التغيير إذا كان يسيرا فلا عبرة به، ويجب أداء المثل، وأما إذا كان التغير فاحشا فالواجب أداء القيمة، وهذا قول عند المالكية، اختاره الرهوني).

لەبەر ئەو بەڵگانەی لەسەرەوە باس کراون، لیژنەی باڵای فەتوای ڕای وایە کە: (ئەبێت حکومەتی عێراق نرخی ئاڵتونی ساڵی ١٩٩١ بگێڕیتەوە بۆ ئەو ناکامانە).

**پرسیاری دووەم: پارەی ناکامەکان، کە لەبەڕێوەرایەتی چاودێری ناکامەکان دادەنرێت، لەئەنجامی فرۆشتنی موڵكو ماڵو یاخود موچەی باوکی، کە بەوەرەسە بۆی ماوەتەوە، بەجەبری دێتە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە، (فائیدە) زێدەیی ساڵانە ئەچێتە سەر، زیاد ئەبێت، ئایا ئەو زیادەیە حەرامە یا حەڵاڵ..؟**

**وەڵام:** لێژنــەی بــاڵای فــەتوا پــاش لێکۆڵینــەوەو تــاوتوێ کردنــی ئــەم بابەتــە، لەکۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٣/٢/١٢، بە تێروتەسەلی بڕیاریدا:

ئــەو پــارە زیــادەی ســاڵانە ئەچـێتە ســەرپارەو پــولی ناکامــەکان لەبەڕێوەبەرایــەتی چــاودێری ناکامــەکان لەبــەر ئــەوەی بەشـێوەی جــەبری دێتــە ئــەو بەڕێوەبەرایەتییــەو حکومەت مامەڵەی پێوە ئەکات هەتا باڵغ ئەبن، ئەوجا ئەیان داتەوە بـەو زیـادەوە، ئـەو زیادە حەرام نییەو دروستە وەرگرتنیو، ناچێتە بابی سوو (الربا)، چونکە سـوو دروسـت ئــەبێت یــان لەڕێگــەی موعامەلەیــە، نەقــەرزە، بــەڵکو یــان ئەمانەتــە، یــان غەصــب وەردەگرێو، هەر کەس مامەڵەی پێوە کرد قازانجی بـۆ خۆیـەتی، ئـەوەی واجبـە بـەس ئەنـدازەی پـارە غـصب كـراوە كـە ئەداتــەوە، ئەگــەر زیـادەی دا ئــەو مـاڵی خۆیــەتیو چاکەیەکە لەبەرامبەر بەکارهێنانی، ئەمەش سوو (ربا) نییە، بەڵکو ئەچێتە ریزی چـاکەو هاوکاری— الإحسان والتعاون..

دیارە ئەم حوکمە کاتێ وایە کە پارەو پولی ئەو ناکامانە بەجەبری ببرێ لەلایەن ئـەو بەڕێوەبەرایەتە، بەڵام ئەگەر سەرپەرشتیاری ئەو ناکامانە بەویستو ئارەزووی خۆی ئەم پارە ببات بێ هیچ داوایـەك، لـەبانك دایبنێـتو پاشـان زیـادەی بێتـە سـەری ئـەو زیـادە حەرامــەو نابێــت وەربگیرێــت بــۆ ئــەو مناڵانــە، وەنــەش گەڕێتــەوە بــۆ بانــك، بــەڵکو وەربگیرێتو لە پڕۆژەی گشتی سەرف بکرێت (المشاريع العامة).

## ( ١٧ )

# حوکمی لە بار بردنی کۆرپەلە ( الإجهاض )

**پرسیار: زۆر جار لەحاڵەتی دوو گیانی دایکدا بەهۆی ئامێرەکانی پشکنین دەردەکەوێت کە کۆرپەلە دوو جاری کۆمەڵێك نەخۆشی بووە وەك: ( تەلا سیما، و دڵ کونی، تشوهاتی خلقی ) کە لەدایك بوونی منداڵەکە بەم شێوەیە دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ژیانی دایكو، کۆمەڵگا، ئایا حوکمی شەرعی لەم حاڵەتانەدا چیە؟**

**وەڵام:** لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان، دوایی تاوتوێ کردنی بابەتەکە، لەکۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٣/٦/٤ بەڕای زۆرینەی ئەندامەکانیو بەسوود وەرگرتن لەرای زانایانی فیقهی ئیسلامیو خانەی فەتواکانی جیهانی ئیسلامی ئەم فەتوایەی خوارەوەی دەرکرد:

لەبارچون دوو شێوەی هەیە:

یەکەم: لەبارچونی ئاسایی (الاجهاض التلقائي)

تەنها بەو جۆرە لەبارچونە دەڵێن کە لەخۆوە ڕووئەداتو دەستی کەسی تیا نییە، ئەم بەشە دەستەڵاتی مرۆڤی تیا نییە.

دووهەم: بەگشت جۆرەکانی تر دەڵێن لە (باربردن) چونکە خۆویستەو بەدەستی خەڵکانی تریش ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە لەباربردنە ئەکرێت بەدوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: پێش گیان لەبەراکردن (قبل نفخ الروح).

بەشی دووهەم: دوای گیان لەبەراکردن (بعد نفخ الروح).

بەشی یەکەم: پێش گیان لەبەراکردن (قبل نفخ الروح):

زانایانی فیقهی ئیسلامی لەم بارەوە دوو ڕای جیاوازیان هەیە:

رای یەکەم: جەماوەری زانایان ڕێگەیان داوە بەلەباربردنی (اجهاض) کۆرپەلە پێش ئەوەی گیان بکرێت بەبەریا، ئەگەر هۆکارێکی دروستو ڕەواو پێویست هاتە پێشەوە، هەروەك لەدەقی زانایاندا هاتووە: (هل يباح الاسقاط بعد الحمل؟ نعم يباح مالم يتخلق منه شيء، ولن يكون ذلك الا بعد مائة وعشرين يوما، وهذا يقتضي أنهم أرادوا بالتخليق نفخ الروح، والا فهو غلط، لأنّ التخليق يتحقق بالمشاهدة قبل هذه المدة)[1].

ڕای دووهەم: ئیمامی غەزالی لەشافعییەکانو هەندێ لە حەنەفییەکانو مالکییەکانو زاهیرییەکان ڕایان وایە: لەباربردن حەڕامەو قەدەغەیەو ڕێگە پێدراو نییە هەرچەندە ئەو کۆرپەلە لەقۆناغەکانی سەرەتای ژیانیشیدا بیت، واتە پێش گیان لەبەراکردن.

دوو بۆچوون هەیە دەربارەی ئەوەی ئایا گیان لەبەراکردن لەدوای چل ڕۆژە یان لەدوای سەدو بیست ڕۆژ..؟

زۆربەی حەنەفییەکانو شافعییەکانو حەنبەلییەکان بۆچوونیان وایە: گیان لەبەراکردن دوای تەواوبوونی چوار مانگە، واتە: سەدو بیست ڕۆژ، هەندێکیش ئەفەرموون: دوای چل ڕۆژە.

ڕای پەسەندی لیژنەی باڵای فەتوا لەم بارەوە ئەوەیە:

لەباربردن لەهەر قۆناغێکدا بێت پێش گیان لەبەراکردن پەسەندو باش نییە، هەتا ئەگەر هاتوو لەسەرەتاکانی دووگیانیو خولقانی کۆرپەلەشەوە بێت بێ هۆکارو پاساوێکی دروستو پێویست.

بەڵام ئەگەر پاساوێکی دروستو گونجاو هەبوو پێش چوار مانگ دوای لێکۆڵینەوەو بڕیاری لیژنەی پزیشکی کە ئەو کۆرپەلە دەبێتە هەڕەشە لەسەر گیانی دایکی، یا

---

1- بروانە: حاشیەی (ابن عابدین ٣/ ١٧٦).

تووشــی نەخۆشــیەیەکی ترســناكو درێژخایــەن بــووە، وەك کــونی دڵو، تالاســیماو، نەخۆشی گوازراوەی وەك سیلو، شێرپەنجەو، تشوهاتی خـەلقیو.. هتـد. رێگـە دراوە لەم کاتانەدا لەباربېرێت، بەڵام بەم مەرجانە:

١- واژۆکردنــی بڕیــاری لەباربردنەکــە لەلایــەن لیژنــەی پزیــشکی بێــتو لــە نەخۆشخانەکانی حکومەت ئەنجام بدرێت.

٢- وەرگرتنی واژوو رەزامەندی باوكو دایکی کۆرپەلەکە لەسەر لەباربردنی.

بەشی دوهەم: دوای گیان لەبەرکردن (بعد نفخ الروح):

دوای ئەوەی گیان کرایە بەر کۆرپەلە هەموو زانایانی فیقهی ئیسلامی یەکدەنگن کـە لەباربردنی حەرامەو قەدەغەیەو رێگە پێدراو نییـە، وەك کوشـتنی نەفـسێکی بـیٚ تـاوان وایە، خوای گەورە ئەفەرمویٚ: ((ولا تقتلوا الـنفس الـتي حـرم الله الا بـالحق))[1]، چـونکە ڕۆح نهێنیەکی خواییە لەژیان، هاتۆتە خوارەوە لەسەرچاوەیەکی هەمیشە زیندوو بۆ نـاو جەستەی ئـادەمو نـەوەکانی، واتـە: ڕۆح فـەرمانێکی خواییـە، پەیوەندیـدارە بـە خـوای گەورە، هەر ڕۆحیشە هۆکاری سەرەکی خولْقانو تایبەتمەندی ئەندامەکانە، هەر ئەویـشە هۆکاری جوڵەوەکانیان..

کـەوابو کۆرپەلـە گیـانێکی سـەربەخۆیەو کەسـایەتی خـۆی هەیـە، بۆیـە لـەباربردنی دروست نییە مەگەر لەبەر هۆکارێکی زانستی زۆر پێویست نەبێت.. وەك:

١- کۆرپەلە لەڕووی تەمەنو تەندروستی تەواوە بەڵام بۆتە هۆی ئەوەی مەترسی بـۆ سـەر ژیـانی دایکەکـەی دروسـت دەکـات، جـا ئەگـەر ئـەو مەترسـییە ڕاسـتەقینەیەکی پزیشکی بێت نەك گومان، ئەوە لەوکاتەدا ئـەتوانریٚ بڕیـاری هەڵبـژاردن بـدرێت لـەنێوان دایکەکەو کۆرپەلەکەدا، پاشان کۆرپەلەکە لەبار ببرێت.

---

1- سورة الاسراء: ٣٣.

چونكە بەرژەوەندی مانەوەی دایك لەپێشترە لە كۆرپەلەكە، زانایان فەرموویانە: ئەگەر دوو بەرژەوەندی كەوتنە بەرامبەر یەك ئەوا بەرژەوەندییە سەرەكیو ئەصڵییەكە –كە دایكە– ناكرێتە قوربانی بەرژەوەندی لقو لاوەكیەكە –كە منداڵەكەیە– لەڕوانگەی یاسای (إرتكاب أخف الضررين عند إجتماعهما).

٢– كاتێ كۆرپەلەكە توش بووبێت بە نەخۆشییەكی قورسی بۆ ماوەیی كە لەدوای دایك بوونی ژیانی ئەستەم بێت وەك دروست بوونی كۆرپەلە بەبێ سەر، یان بێ مێشكو دەماغ، یان بێ گورچیلە، یان بێ دڵ، هەندێ لە زانایان ڕێگەیان بە لەباربردنی داوە كاتێ كە لایەن لیژنەیەكی پزیشكی باوەڕ پێكراوی پسپۆڕ كە گەیشتبنە پلەی یەقین بڕیار دەردەچێت، بەو واتایەیی كە لەحاڵەتی بوونی گۆمان دروست نییە لەبار ببرێتو، ئەگەر گومانیش نەبوو ئەوا زۆر ئاساییە لەبار ببرێت.

# ( ١٨ )

# رۆنکردنەوەیەك لە سەر پەرتووکی ( قورئان بە زمانی کوردی )

ماوەیەکە کتێبێك بڵاوکراوەتەوە، بەناوی (قورئان بەزمانی کوردی) ئەم کتێبە راڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەو، وەکو قورئانی پیرۆز پیشان دراوە، چونکە بە(قورئان) ناوی نراوەو، دەقە عەرەبیەکەشی لەگەڵدا نییە، ئەمەش بەلای لیژنەی باڵای فەتوای کوردستانەوە جێگەی تێبینی بووە، بۆیە لە ٢٠١٣/٧/١ روونکردنەوەیەکیان بڵاوکردۆتەوە، تێیدا داوای راگرتنی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە دەکەن، تا ئەو کاتەی دەقە عەرەبیەکەی لەگەڵ بڵاودەکرێتەوەو ناویشی دەگۆڕدرێت، ئەمەی خوارەوە دەقی روونکردنەوەکەیە:

روونکردنەوەیەك سەبارەت بە کتێبی (قورئان بەزمانی کوردی)

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

ماوەیەکە کتێبێك کەوتۆتە ناو هاووڵاتیانەوە بەناوی (قورئان بەزمانی کوردی) لەنووسینی (د. محەمەد ئیبراهیمی— شەپۆل)، کە وەك دیارە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزەو، پێشتریش وەکو وەرگێڕانی قورئان بڵاوکرابووەوە، واتە پێشتر ئەم نووسینەیان وەکو وەرگێڕانو راڤە لەگەڵ قورئان نووسیبوویەوە، بەڵام ئەمجارەیان دەقی قورئانیان لەگەڵ نەنووسیوە، ناویشیان لێی ناوە (قورئان بەزمانی کوردی)، بۆیە ویستمان هاووڵاتیانمان بەم خاڵانەی خوارەوە لەم نووسینە ئاگادار بکەینەوە:

یەکەم: مامۆستا شەپۆڵ زانایەکی گەورەو بەتوانایە، چ لەڕووی زانستو زانیاریو چ لەڕووی عەرەبی زانیدا، کەسێکی ناسراوە لەرۆژهەڵاتی کوردستان.

دووەم: ئەوەی مامۆستا شەپۆڵ ئەنجامی داوە راڤەی قورئانە نەك قورئان، بۆیە ناونانی بە (قورئان بەزمانی کوردی) هەڵەیە، چونکە زانایان لەپێناسەی قورئان دەفەرموون: (بریتییە: لەو رستەو وشانەی بۆ سەر پێغەمبەر موحەمەد (درودی خوای لەسەر بێت) دابەزیوە، موعجیزەیەو کەس ناتوانێت هاووێنەی کورتترین سورەتی بهێنێتو، خوێندنەوەی بەخواپەرستی دادەندرێت) ئەم پێناسەیە بە هیچ شێوەیەك لەم نووسینە نایێتە جێ، چونکە ئەم دەقە کوردییە بۆ سەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دانەبەزیوە. هەروەها خوێندنەوەشی وەکو راڤەی قورئان خێری تێدایە، بەڵام قەت وەکو خواپەرستی خوێندنەوەی دەقی قورئانی دانانـدرێت. هەروەها ئیعجازیشی تێدا نییە، چونکە هەموو خاسیەتو تایبەتمەندییەکانی قورئانی لەدەستداوە جگە لەکورتە ماناکەی.

سێیەم: جەماوەری زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی تەرجەمەی قورئانی پیرۆز دروست نییە، بەتایبەتی کە دەقی قورئانەکەی لەگەڵدا نەبێت، بەڵکو ئەوەی رێگەی پێدراوە تەفسیرو شیکردنەوەو راڤەیە.

چوارەم: ئەوەندەی تەماشامان کردووە، ماناکەی دروستەو، لەوەدا هەرچەندە ماناکەی کورتەو پێویستی بەدرێژەپێدانی زیاتر هەیە، بەڵام وەکو تەفسیرێکی کورت مانای داوە.

پێنجەم: هەوڵبدرێت ئەم کتێبە بڵاونەکرێتەوە تا دەقی قورئانەکەی لەگەڵ دانەندرێت.

شەشەم: ناوی کتێبەکە بگۆڕدرێت لە (قورئان بەزمانی کوردی) چونکە بەم ناونیشانە، خەڵکانێکی زۆر وەکو قورئان تەماشای دەکەن، لەکاتێکدا قورئان نییە.

# پێڕیست


* پێشەکی ........................................................................ ٣
* گرنگی فەتوا لە کۆمەڵگای موسلمانان .................................... ٥
* لێژنەی بالای فەتوا لە هەرێمی کوردستان .............................. ١١
* حوکمی بەشداریکردن لە یاری ( لۆتۆ )؟ .................................. ١٦
* حوکمی شەرعی گۆڕینی نەتەوە ............................................ ٢٠
* حوکمی پێشینەی خانووبەرە ................................................ ٢٢
* چەند فەتوایەکی تایبەت بە قوربانی ....................................... ٢٨
* حوکمی کڕینو فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە قیست لە کۆمپانیاکانەوە .................. ٣١
* حوکمی خەتەنەکردنی مێینە ................................................ ٣٣
* چەند فەتوایەکی لیژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خواردنەوەی خواردنەوە گازیەکان چەند فەتوایەکی لیژنەی بالای فەتوای هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خواردنەوەی خواردنەوە گازیەکان .............. ٣٦
* چەند فەتوایەکی تایبەت بە مانگی رەمەزانی پیرۆز ........................ ٤٠
* روونکردنەوەیەك دەربارەی نوێژی هەینیو جەژنو رۆژووی شەشەلان ............ ٤٨
* لێژنەی بالای فەتوای کوردستان لەسەر هێنانی دیاری حەجو بەدەل حەج روونکردنەوەیەك بلاودەکاتەوە ................................................ ٥٢
* حوکمی گۆشتی بەستراوی هاوردە .......................................... ٥٧
* لێژنەی بالای فەتوا چەند فەتوایەك تایبەت بە هاتووچۆ دەردەکات .......... ٥٨
* چەند فەتوایەکی پەیوەست بە زەکات ....................................... ٦٣
* حوکمی فەرش و رایەخی کۆنی مزگەوتەکان ................................. ٦٦
* حوکمی کەل و پەلی ماوە بەسەرچوو ( ئیکسپایەر ) ......................... ٦٨
* چەند فەتوایەکی تایبەت بە ماڵی ناکامەکان ( القاصرين ) .................... ٧٠
* حوکمی لە بار بردنی کۆرپەلە ( الإجهاض ) ................................... ٧٣
* رۆنکردنەوەیەك لە سەر پەرتووکی ( قورئان بە زمانی کوردی ) ............... ٧٧
* پێڕیست .................................................................... ٧٩